# هۆكارەكانی دەستوەردانی خاچپيەكان لە كێشە و ململانێ ناوخۆييەكانی دەوڵەتی ئەيوبيدا

# أسباب تدخل الصليبين في النزاعات الداخلية للدولة الأيوبية

**ID No. 633**

(PP 93 - 106)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.4.7

**قادر محمد حسن**

بەشی مێژوو/ كۆلێژی ئاداب/ زانكۆی صلاح الدين-هەولر

qader.hassan@su.edu.krd

**حسين عبدالرحمن حسين**

بەشی مێژوو/كۆلێژی زانستە مرۆڤايەتييەكان/زانكۆی ڕاپەڕين

ئیمێل:hussein@uor.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2022/10/02**

**پەسندكردن : 2022/12/04**

**بڵاوكردنەوە : 2023/09/27**

**پوختە**

توێژينەوەكەمان لەژێر ناو نيشانی (هۆكارەكانی دەستوەردانی خاچپيەكان لە كێشە و ململانێ ناوخۆييەكانی دەوڵەتی ئەيوبيدا)، ديڤچوونێكی شيكاری و ڕانانێكی مێژووييە پەيوەست بە ڕەهەندەكانی دەستوەردانی خاچپيەكان لە كێشە و ململانێی ناوخۆی دەوڵەتی ئەيوبيدا، كە لە دوای مردنی الملك العادلی يەكەم(589-615ك/1193-1218ز) تا كۆتايی دەوڵەتی ئەيوبی بەردەوامی هەيە. لەو بارەيەوە هۆكارەكانمان بۆ پێنج بابەتی سەرەكی دابەشكردووە، كە پێكهاتوون لە ڕەهەندی (سياسی- ئاينی- جوگرافی و ئابووری- ناكۆكی ناوخۆی خاچپيەكان-ململانێی ناوخۆی پادشاكانی ئەيوبی).

**ووشە گرنگەكان:** خاچپيەكان، ئەيوبيەكان، سوڵتان صلاح الدين، ڕۆژهەڵات.

## پێشەكی

خاچپيەكان وەك هێزێكی كاريگەر و دياری سەدەكانی ناوەڕاست، هەزاران لاپەڕەيان لەسەر تۆماركراوە، بەهۆی ئەو بەريەككەوتنە يەك لەدوا يەكانەی لەگەڵ جيهانی ئيسلامی هەيان بووە، لەو سۆنگەيەوە بەدوای ئەو هۆكارانەدا گەڕاوين كە وای لەخاچپيەكان كردووە دەست وەردان لە كێشە و ململانێی نێوان پادشاكانی دەوڵەتی ئەيوبيدا بكەن. بێگومان لەنێو ڕەهەندەكاندا ڕەهەندی دوور مەودامان هەيە لەگەڵ نزيك، بەڵام هۆكاری ڕاستەخۆ ئەوەيە كە ئەيوبيەكان خۆيان هانا بۆ خاچپيەكان دەبەن و داوای هاوكاری سەربازيان لێدەكەن لە دژی براكانيان، لەبەرمبەر دا ئامادەی خاك بەخشين بوون بە خاچپيەكان بەتايبەت قودسی پيرۆز، كە بێگومان ئەم ڕووداوە گەلێك لێكەوتی بەدوای خۆيدا هێناوە، كە لێرەدا بابەتی ئێمە نييە.

گرنگی ئەم بابەتە لەوەدايە كە وردبۆتەوە لەنێو ڕووداوە مێژووييەكان و بە ڕانانی ڕووداوەكان هۆكارگەلێكی هەڵێنجاوە كە بوونەتە مايەی دەستوەردانی خاچپيەكان وەك هێزێكی نا موسوڵمان لە كێشە ناوخۆييەكانی دەوڵەتێكی موسوڵمان.

هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگيەكەی و نەبوونی توێژينەوەی زانستی تايبەت بە ڕەهەندەكانی دەستوەردانی خاچی لە كێشە و ململانێی ناوخۆی دەوڵەتی ئەيوبی.

ئامانجی توێژنەوەكە خستنەڕووی ديوەشاراوەكانی مێژووی ڕووداوگەلێكە كە نووسەرانی سەدەكانی ناوەڕاست زۆريان لەبارەيەوە نووسيووە، بەبێ باسكردنی وردەكاری ڕووداوەكان و هۆكارەكانی.

لەم توێژنەوەيەدا ڕێبازی لێكۆڵينەوەی زانستی مێژوو پەيڕەو كراوە، بەوەی زانياريەكان لە سەرچاوە بنەڕەتيەكان وەرگيراون، تاڕادەيەك هاوسەنگی كراوە لە بەكارهێنانی سەرچاوە ڕۆژئاواييەكان و سەرچاوە ئيسلاميەكان، بە مەبەستی گەيشتن بە دروستترين زانياری، لەلايەكی ديكە ژێدەران بەكار هێنراون بۆ شرۆڤەكردن و تەواوكردنی زانياريەكی تەواو نەكراو.

گرفتی توێژينەوەكە لەوەدايە بەشێك لە زانياريەكان لەو نامە و دەستنووسانەدان كە لە كتێبخانەكانی ئەورپا پارێزراون و دەست ئێمە ناكەون، بۆيە سودمان لە سەرچاوەكانی لاتينی و ئەڵمانی و فەرەنسی و ئينگليزی وەرگرتووە.

توێژينەوەكە لە پوختە و پێشەكی و پێنج هۆكار و دەرئەنجام و ليستی سەرچاوەكان، ملخص و ئەبستراكت پێكهاتووە.

**هۆكارەكانی دەستوەردانی خاچییەكان لە كێشە و ململانێ ناوخۆییەكانی دەوڵەتی ئەیوبیدا**

لەدوای مردنی (سوڵتان صلاح الدين(567-589ك/1171-1193ز)، دەوڵەتی ئەیوبی دووچاری ئاڵنگاری ناوخۆیی هات، چونكە هەریەكە لە پادشاكانی ئەیوبی هەڵوەدای فراوانخوازی بوون لەسەر حسابی ئەوانی دیكە، ئەم تێڕوانینە لە پاوانخوازی و زیادكردنی موڵكەكان بە میرات بۆ نەوە دوای نەوە مایەوە، تا گەیشت بەوەی لە ڕۆژگاری كوڕ و نەوەكانی (الملك العادلی یەكەم(589-615ك/1193-1218ز) ناكۆكیەكان گەیشتنە ئاستێكی باڵا و ئیدی چارەسەرەكان گەیشتنە بنبەست. لەپاڵ ئەوەدا خاچیەكان سەدان ساڵ بوو هەڵوەدای دەستگرتن بوون بەسەر خاكی موسوڵمانان، لەناویدا شاری بيت المقدس بەتایبەتی. وەلێ ئەوەیان لەیاد نەكردبوو، كە لەدوای قوربانیدانێكی زۆر لەسەر دەستی سوڵتان صلاح الدين لە دەستیان دابوو، بۆیە هەمیشە بەدوای تۆڵەكردنەوە بوون، لەو پێناوەدا ڕێگەی هەمە جۆریان تاقیكردەوە، دواجار لەڕێگەی دەستوەردان لە كێشە ناوخۆییەكانیان و پشتیوانیكردن لە هێزێك دژی ئەوەی دی، بەشێك لەوخواستانەیان بەدی هێنا.

**1. هۆكاری سیاسی**

بە ڕانانی ڕووداوە مێژووییەكان لە پەیوەندی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، ناكۆكییەكی گەورە لە نێوان هەردوو شارەستانیەت درك پێدەكەین، كە ڕیشەیەكی قوڵی مێژوویی هەیە دەگەڕێتەوە بۆ پێش زاین(هیرۆدۆت، 2013، بەرگی دووەم، ل108-266؛ عاشور، 1971، ج1، ص21؛ المطوی، 1982، ص27)، لەوێ ڕۆژێوە هەردوو شارەستانیەتەكە هەوڵی سڕینەوەی یەكتریان داوە (عاشور، 2003، ص11)، بۆیە زۆر لە مێژوو نووسان وای بۆ چوون كە ناكۆكی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ڕەهەندێكی سیاسی هەیە (Iorga: 1924, pp 1-2؛ عاشور، 1971، ج1، ص21). وەلێ بە تێپەڕبوونی زەمەن ناكۆكیەكان بەردەوام و گۆڕانكاری لە ڕەهەند و شێوازیان دا ڕوویداوە، بەنمونە لەسەردەمی فتوحاتی ئیسلامی فۆرمێكی دینی وەرگرتووە، كە بەهۆیەوە جەنگی خاچی وەك پەرچەكردارێك لە سەدەكانی ناوەڕاست هاتۆتە ئارا، لەوێشەوە پرۆژەی داگیركاری ئەوروپی لە ڕۆژهەڵات لەدایكبووە (المطوی، 1982، ص27)، لەبەرامبەریشدا جارێكی دیكە پرۆژەی جیهاد بەناوی ڕزگاركردنی خاكە داگیركراوەكان هەتۆتە ئارا، ئیدی موسوڵمانان  بەناوی دینەوە ڕۆڵێكی كارایان لە گەشەپێدانی ململانێی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا بینیووە (المصري، ١٤١٥ هـ، ص232-250؛ المطوی، 1982، ص27)، بەتایبەت ئەوكاتەی موسوڵمانان گەیشتنە قودس (الواقدی، ١٩٩٧، ج1، ص219-235 ) و لەبەرەی ئەندەلوسیش مەترسیان لەسەر ڕۆژئاواییەكان دروستكرد(أبو القاسم المصري، 1415هـ، ص232-235).

بەتێپەڕبوونی كات خاچییەكان توانیان هەندێ ناوچە وەربگرنەوە لە قۆناغە جیاجیاكانی مێژوودا (الصوری، 1991، ج2، ص125-126؛ ابن الاثير، 1997، ج8، ص298، 415)، تا گەیشت بەوەی  لەساڵی (491ك/1097ز) لەسەر داوای پاپا (ئۆربانی دووەم(481-492ك/1088-1099ز)[1] ڕێژەیەكی زۆر لە خاچییەكان بەشدارییان كرد لە هێرشكردنە سەر ڕۆژهەڵات(فوشيه الشاتری، 1990، ص35-36؛ بطرس ، 1999، ص61-64؛ رانسيمان، 1998، ج1، ص195)، بەمە توانیان خەونی مێژوویی چەندین سەدە وەدەستبێنن (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ابن القلانسی، 1983، ص220-227؛ رمضان، 1983، ص337-370)، بەڵام زۆری نەبرد بە دەركەوتنی دەوڵەتی ئەیوبی(567-648ك/1171-1250ز) جارێكی دیكە ئەوروپا دووچاری ئاڵنگاری بوو، چونكە بەشی زۆری ئەو ناوچانەی لەشام و میسر داگیریان كردبوو، لەسەر دەستی (سوڵتان صلاح الدين) وەرگیرایەوە، لە سەرووی هەموویان مەڵبەندی ڕۆحانیەت (قودسی پیرۆز) لەساڵی (583ك/1187ز)( الاصفهانی، 2012، ص78-79؛ Painter , Volume 2,1962, pp45-48)، كە لەدیدی هەردوولادا پیرۆز بوو، لەدەستدانی ئەم هەموو خاكە لە ڕۆژهەڵاتی خاچیەكان كاریگەری گەورەی لە دەرونی پاپا و دەسەڵاتدارانی ڕۆژئاوا كرد، چونكە خوێنی هەزاران مەسیحی لەپێناوی بەدەستهێنانی ڕژابوو، ئیدی دوای (٨٨) ساڵ قودسیان لەدەست دا(الاصفهانی، 2012، ص78-79؛ ابن شداد، 1994، ص60-72؛ ابن الاثير، 1997، ج9، ص176-179) ، بۆیە وای دەبینین كە ئەم ڕووداوە گورزێكی كوشندە بوو بەر خاچییەكان كەوت، لەو دیگایەوە تێدەگەین كە خاچییەكان هەمیشە بەدوای دەرفەت دا گەڕاون بۆ وەشاندنی گورزێك لە ئەیوبیەكان و تۆڵەكردنەوەی مێژووی ڕابردوویان.

[1] ) پاپا ئۆربانی دووەم: ناوی (ئۆتۆ ئەلاجیری)ە و لەساڵی (434ك/1042ز) لەدایكبووە، لە ساڵی(481ك/ ١٠٨٨ز) تاوەكو (493ك/ ١٠٩٩ز) پاپای ڤاتیكان بووە، لەسەرداوای ناوبراو هەڵمەتی خاچی یەكەم دەستی پێكرد لەساڵی (489ك/27ی نۆڤەمبەری 1095ز)، كاتێك هەڵسا بە پێشكەشكردنی ووتارێك كە تیایدا بانگی لە تەواوی وڵاتانی ئەوروپا كرد، بە مەبەستی بەشداریكردن لە كۆبوونەوەیەكی گرنگ، هەریەكە لە ئیمپڕاتۆری ئەڵمانیا و پادشای فرنسا و ئیتاڵیا و پیاوانی دینی بەدەم بانگەوازەكەوە چوون، كۆبوونەوەكە لە شاری (كليرمون) لەباشوری فەرەنسا بەڕێوەچوو، كۆبوونەوەكە  بەناوی ئاین دەستی پێكرد و گەنگەشەیەكی گرنگ لەنێوان پیاوانی دینی ڕوویدا، دواتر بڕیار درا لەژێر سایەی كڵێسا و بە چاودێری و پشتیوانی پاپا هێرش بكەنە سەر مسوڵمانان (الصوری، 1991، ج1، ص97-98؛ ;Munro, volume11, 1906, p231-242مؤنس، 2000، ص61).

هەڵبەتە ئەم سەرکەوتنەی (سوڵتان صلاح الدين) دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە ڕۆژئاواو جیهانی ئیسلامی بەدوای خۆیدا هێنا، تەنانەت پاپا[2] و پادشاکانی ئەوروپای وەخۆ خست و هێرشێکی گەورەیان لەژێرناوی هەڵمەتی سێیەمی خاچی کردە سەر دەوڵەتی ئەیوبی، بەڵام ئاکامەکەی شکستی ئەوان و سەرکەوتنی موسوڵمانان بوو(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ابن الاثير، 1997، ج10، ص91-111؛ بارکر، 1967، ص86-93). لەراستیدا تاوەکو (سوڵتان صلاح الدين) لە ژیاندا بوو، خاچییەکان نەیاتوانی خواستەکانیان لە داگیرکردنی ڕۆژهەڵات وەدەستبهێنن، بەڵام بە نەمانی ناوبراو و دابەشبوونی دەوڵەتی ئەیوبی بەسەر کوڕ و براو ئەندامانی دیکەی ماڵباتی ئەیوبیدا (الاصفهانی، 2012، ص 367-373)، خاچییەکان هەوڵەکانیان چڕتر کردەوە، بەنمونە لەساڵی (614ك/1217ز) پاپا (ئەنۆسەنتی سێیەم)[3] بانگەوازی لە وڵاتانی ئەوروپا کرد بۆ هێرشکردنە سەر ڕۆژهەڵات، بەو هۆیەوە لەشکرکێشی پێنجەمی خاچی لەماوەی (615-618ك/1218-1221ز) دەستی پێکرد، توانیان شاری (دمياط)[4] لە وڵاتی میسر لەساڵی (616ك/1219ز) داگیربکەن، بەوەندەوە نەوەستان خواستی دەستگرتن بەسەر قاهیرەیان هەبوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەشکرەکەیان کەوتە نێو سێگۆشەیەکی ئاوی ناچار بوون داوای ئاشتی بکەن، ئەیوبیەکانیش کە لەوکاتەدا بەدەست کێشەی ناوخۆییەوە دەیانناڵاند ڕازی بوون و ماوەی (8)ساڵ ئاشتی بەرقەرار بوو، تەنانەت خاچییەکان بەهۆی ئەم شکستە (دەمياط) یان لەدەست دا و جگە لە زیانی گیانی و مادی هیچیان دەست نەکەوت (ابن الاثير، 1997، ج10، ص304-311، 326-328؛ ابن تغرى بردى، د.ت، ج6، ص222-251؛ Thomas, 1969 , vol 2, pp 377-428)، بێگومان ئەم شکستە گەورەیە کاریگەری گەورەی لەسەر خاچییەکان هەبوو، چونکە لەساڵی (617ك/1220ز) ژمارەی کوژراوەکانیان بە (10)هەزار کەس مەزندە کراوە، هەروەها چەك و کەرستەی جەنگی و مەڕوماڵاتێکی زۆر کەوتە دەست سوپای موسوڵمانان(مؤلف مجهول، 2010، ص333؛ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: الخطيب، 2001، ص223-268). ئەم شکستە گەورەیە لەبیری خاچییەکاندا[5] مایەوە، هەمیشە بەدوای تۆڵەکردنەوە بوون، بۆیە لەساڵی (619ك/1222ز) ئامادەکاری بۆ هەڵمەتی شەشەم بە هاوکاری فردریکی دووەم[6] دەستپێکرد(بارکر، 1967، ص111)، بێگومان ئەم هەنگاوەشیان بە ئامانجی تۆڵەکردنەوەی سیاسی و سەربازی ئەنجامدا، لەبەرئەوەی ئەوان خۆیان بە خاوەن ماف دەزنی لە فەرمانڕەواییکردن بەسەر قودس و دەوروبەریدا، بە بەڵگەی ئەوەی ئەو ناوچانە لە مێژوویەکی زووتردا لەدەست ئەوان بووە.

هەڵبەتە خاچییەکان بەردەوام بوون لە بەریەککەوتنی جەنگی و ئاشتی لەگەڵ ئەیوبیەکان، بەڵام نەیانتوانی ئامانجە گەورەکە بەدەستبهێنن، کە بریتی بوو لە دەستگرتن بەسەر قودس، بۆیە ڕێگەی هەمەجۆریان لەو پێناوەدا گرتە بەر، یەکێك لەو ڕێگایانە بریتی بوو لە دەستوەردان لە کێشە ناوخۆییەکانی دەوڵەتی ئەیوبی و پشتیوانی کردن لە بەرەیەك لەدژی بەرەیەکی دیکە، لەبەرامبەردا قودس و هەندێ ناوچەی دیکەیان بەدەستهێنا، کە لە دامێنی هەڵمەتی شەشەمدا (ابن العبرى، 1991، ص261-263)ئەم دەستوەردانە هاتە ئارا، بەتایبەت دوای ئەوەی ناکۆکی کەوتە نێوان دەسەڵاتی ئاینی و دەسەڵاتی سیاسی( Setton, 1969, vol 2, p409.)، لەپێناو گێڕانەوەی پشتگیری ئاینی بۆ دەسەڵاتی سیاسی فردریکی دووەم ئەم هانگاوەی نا، بەتایبەت دوای ئەوەی ناکۆکی کەوتە نێوان الملك(المعظم عيسى(615-624ك/1218-1226ز) خاوەنی دیمەشق و الملك( الكامل615-635ك/1218-1237ز)ی برای، خاوەنی میسر، پادشای دیمەشق پەنای بردە بەر خوارزمیەکان[7] لەدژی براکەی لە میسر، لەبەرامبەردا پادشای میسر پەیوەندی بە فردریکی دووەمی ئیمپراتۆری ئەڵمانیاوە کرد، تاوەکو یارمەتی بدات لە ڕووبەڕووبوونەوەی پادشای دیمەشق و خوارزمیەکان، لە بەرامبەردا قودس و ئەو ناوچانەی پێشتر لەلایەن سوڵتان صلاح الدينەوە دەستیان بەسەردا گیرابوو دەیبەخشێت بە خاچیەکان، دوای چەندین جار لە ناردنی نێردراو لەنێوان هەردوولادا لە ئاکامدا گەیشتنە ڕێککەوتن، کە بەهۆیەوە پادشای ئەیوبی

---

([2] ) پاپا ئۆربانی سێیەم (Urbanus III) ئۆبێرتۆ کریڤێلی(Uberto Crivelli) لە نیوەی یەکەمی سەدەی دوازدەهەمدا، لە بنەماڵەیەکی خۆشگوزەرانی ئەرستۆکراسی میلانۆ لەدایکبووە، لە(581ك/25ی نوفمبەر1185ز) بۆتە پاپا و سەر بە مەزهەبی کاثولیك بووە، لە (583ك/20ی ئوکتوبەری1187ز)مردووە،بڕوانە: .(jaffÉ, 1956, volume 2, p492–528, 726, 769–770 )

([3] ) پاپا سێلێستین سێیەم (Caelestinus III) لەساڵی (500ك/1106ز) لەدایکبووە،لە هەڵبژاردنی(587ك/ ٢١ی ئازاری ١١٩١) تا مردنی لەساڵی(595ك/1198ز) پاپای کەنیسەی کاسۆلیک بووە. لە ڕۆما لەدایکبووە، و سەر بە بنەماڵەی ئۆرسینییە، ناوبراو لە(587ك/ ١٣ی نیسانی ١١٩١ وەک قەشە دەستنیشانکرا و بۆ ماوەی شەش ساڵ و نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ پۆستی پاپای هەبووە. (cross, 1966, p254)

([4] ) دمياط: شارێکی دێرین لە نێوان تێنسی و میسر لەسەر گۆشەیەک لە نێوان دەریای ڕۆمانی و نیل. الحموى، 1995، ج2، ص472.

([5] ) مەبەست لە خاچییەکان ئەو خەڵکانەیە کە هەڵگری بیروباوەڕی مەسیحن و پێغەمبەرەکەیان عیسای مەسیح و کتێبی پیرۆزیان ئینجیلە (القران الكريم، سورة ال عمران، اية 48-49)، خاچیەکان کە بە (الصليبية) ناسراون، لەسەدەکانی ناوەڕاست بزوتنەوەیەکی مەسیحییان بەرپا کرد، کە هەڵسان بە ئەنجامدانی هەڵمەتی سەربازی لە ڕۆژئاواوە بۆ سەر ڕۆژهەڵات، لەژێر پاڵنەری ئاینی و بە ئامانجی زاڵبوونی هەژموونیان بەسەر جیهانی ئیسلامی و بەدەستهێنانی خواستەکانیان (کرد على، ١٩٨٣، ج1، ص247؛ .(painter, 1969, volume1, p3-30; Duncalf, 1969, volume 1, p253-280

([6] ) فریدریکی دووەم ڤۆن ستاوفێن(Friedrich II von Staufen) لە(591ك/ ٢٦ی کانوونی دووەمی ١١٩٤ ز) لەدایکبووە، لە ١٣ی کانوونی دووەمی ١٢٥٠ زکۆچی دوایی کردووە، ئیمپراتۆری ڕۆمانی پیرۆز (617-648ك/١٢٢٠-١٢٥٠) لە بنەماڵەی هۆهێنستاوفێن ئەڵمانی، سەرکردەی هەڵمەتی شەشەمی خاچی بووە لە ماوەی( 625-626ك/1228-1229ز)، لەساڵی (626ك/1229ز) بۆتە پادشای قودس. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: .Frederick II, 1943, pxxxv-xxxvii, 3-4

([7] ) خوارزمیەکان: خوارزم لەبنەڕەتدا ناوی هەرێمێکی جوگرافی فراوانە و دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی (الحموى، 1995، ج2، ص397)، خوارزمیەکان بەڕەگەز تورکبوونە و بەگەلێکی ئازاو بەتوانا وەسفکراون(القزوينى، د.ت، ص525)، بە تێپەڕبوونی کاتیش خوارزم بووە ناوی دەوڵەتێك کە سنورەکەی لە ڕۆژئاوا گەیشتە سنوری عێراقی عەرەبی و لە ڕۆژهەڵات گەیشتە هیند و لە باکور دەریای قەزوێن(ئارال)ەوە بۆ خەلیجی فارسی و لە باشور زەریای هیند(حمدى، 1949، ص36).

لەمیسر بەهێز بوو، لەبەرامبەریشدا پادشای خاچیەکان ئەو ناوچانەی بەڵێنی پێدرابوو بەدەستی هێنا (ابن الاثیر، 1997، ج10، ص410-434؛ سبط ابن الجوزی، 2013، ج22، ص284-299؛ ابن واصل، 1957، ج4، 233-234؛ المقریزی، 1997، ج1، ص345؛ kantorowicz, 1957, p183-187).

وەلێ بە تێپەڕبوونی کات مێژوو خۆی دووبارە کردەوە، ئەمجارە لە ڕۆژگاری (الملك الصالح اسماعیل(637-642ك/1240-1244ز) خاوەنی دیمەشق و (الملك الصالح ایوب(637-647/1240-1250ز) خاوەنی میسر ناکۆکیەکانی نێوانیان گەیشتنە بنبەست، بۆیە پادشای دیمەشق پەیوەندی بەخاچیەکانەوە کرد، هەرچی پادشای میسر بوو پەیوەندی بە خوارزمیەکانەوە کرد، لە دەرئەنجامدا چەندین بەریەککەوتنی سەربازی ڕوویدا و خاچیەکان لە تەك سەربازانی دیمەشق دژی لەشکری میسر و خوارزمیەکان جەنگان، لەهەمووی کاریگەرتر ئەو پێکدادانەبوو کە لەناوچەی غەززە ڕوویدا و تیایدا خاچیەکان زیانێکی گەورەی سەربازی و سیاسی و ئابووریيان بەرکەوت، بڕوانە: ( ابن تغری بردی، د.ت، ج6، ص320-325؛ رانسیمان، 1997، مج3، ق1، ص389-397 ). لەکۆتایی ئەم ڕەهەندەدا توێژەر پێیوایە ململانێی سیاسی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، کاریگەری لەسەر بەکارهێنانی دەستوەردانی خاچیەکان لە ناکۆکیەناوخۆییەکانی دەوڵەتی ئەیوبی هەبووە، بە ئامانجی سەرکەوتن و بەدەستهێنانی ئەو زەویانەی کە لەڕۆژهەڵات جێگەی خواستی خاچیەکانبووە.

**2. هۆکاری ئاینی**

ئەو بوژانەوە ئاینیەی لە ڕۆژئاوای ئەوروپا لە سەدەی (5ك/11ز)سەری هەڵدا، کاریگەری لەسەر پرۆسەی حەجکردن هەبوو، بەبەڵگەی ئەوەی پرۆژەی حەجی لە تاکەکەسیەوە بۆ حەجی بەکۆمەڵ گۆڕی، ئیدی لێرەوە کۆمەڵێك لە مەسیحیەکان لەژێر ڕێبەرایەتی قەشەیەك فەریزەی حەجیان بەجێدەهێنا(Setton,1969, vol 1, p76)، لەلایەکی دیکە خستنەگەڕی ڕاگەیاندنی پاپا و کەنیسەکان لە ژێر ناوی هەڵمەتی ناردنی موبەشیرەکان بۆ ڕۆژهەڵات بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحی کاریگەری گەورەی لەسەر کۆچکردنی پیاوانی ئاینی بۆ ڕۆژهەڵات هەبووە (الصوری، 1991، ج2، ص125-126). پاپا پیرۆزی قودس(المسعودی، د.ت، ص107؛ الصوری، 1991، ج2، ص79؛ بارکر، 1967 ، ص14-15)و کەنیسەی قیامە کە بە یەکێك لە کەنیسە زۆر دیارەکان ناسرابوو کردە دروشمی گوتاری ئاینی(ابن خلدون، 1988، ج2، ص268)، کە بەهۆی فتوحاتەوە کەوتبووە دەست موسوڵمانان(الواقدی، 1997، ج1، ص219)، بەوهۆیەوە شارەکە بۆتە شوێنی ململانێی نێوان مەسیحیەکان و موسوڵمانان، چونکە هەریەکەیان هەوڵیداوە قودس لەدەست ئەودابێت (بارکر، 1967 ، ص14-15)[8]، ئەم پاڵنەرە ئاینیە وای لە مێژوونووسی ئەوروپی (Riant) کردووە، کە لە وەسفی هەڵمەتی خاچیدا بڵێت: ( جەنگێکی ئاینیە و بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆ ئامانج لێی دەستگرتنە بەسەر خاکی پیرۆزی شام)(Riant, 1881, Volume 1, pp.2, 22 )[9]، بە ڕامانمان لەو دەقە دەگەین بەوەی دیدگای پیاوانی ئاینی چەندە کاریگەری

---

([8] ) لەو دیدگایەوە خاچییەکان پێیانوابوو دەبێت موسوڵمانەکان لە قودس و ئەو شوێنانەی کە ( عیسای پێغەمبەر)ی لێ ماوەتەوە دەربکرێن ( بروار، 1999، ص190). هەرچەندە هێرشی خاچی بۆ سەر ڕۆژهەڵات لە ناو و ڕێگەی دا بانگەشەیکی ڕۆحی هەڵگرتبوو، هەندێك لەرووداوەکان ڕووخسارێکی دینیان پێوەبوو، بەهۆی ئەوەی بەرپرسان و هەڵگرانی دروشمی هەڵمەتکە پیاوانی دینی بوون و کاریگەری بەرچاویان هەبوو (بطرس، 1999، ص61-62). وەهایان بڵاوکردەوە کەوا مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵات ئازار دەدرێن و دەچەوسێنرێنەوە و کەنیسە و دێرەکان دەڕوخێنرێن لەژێر سایەی ئیسلامدا، بەڵام ئەمە هیچ بنەمایەکی نەبوو، بەڵکو بیانوویەك بوو بۆ هێرشکردنە سەر موسوڵمانان (رانسیمان، 1998، ج1، ص182-183؛ بارکر، 1967، ص16؛ عاشور، 1971، ج1، ص28)، بەنمونە پاپا ئۆربانی دووەم لە کاتی کۆکردنەوەی پشتیوانی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە هەڵمەتی یەکەم دا لەژێر ئەم هەست و سۆزە ئاینیە سۆزی مەسیحییەکانی ڕۆژئاوای کێش کرد، بۆیە ژمارەیەکی گەورە بەشدارییان لە هەڵمەتی یەکەمدا کرد (الشاتری، 1990، ص31؛ بطروس، 1999، ص61؛ براور، 2001، ص-20-21). لەلایەکی دیکە مێژوونووسانی ئەوروپی خۆیان ئاماژە بەو پێکەوە ژیانەی مەسیحیەکان و موسوڵمانان دەکەن، بەنمونە (ثیودسیوس) بەتریکی بیت المقدس لەساڵی (256ك/869ز) بۆ بەتریکی قوستەنتینیە (اجناتیوس)ی نووسیووە و دەڵێ: **( مسوڵمانان گەلێکی دادگەرن، ئێمەش لە هیچ شتێکی تایبەتدا تووشی هیچ توندوتیژیەك نابین Theodosius, patriarch of Jerusalem, in a letter written in 869 to his colleague in Constantinople, Ignatius, praises the benevolence of the Saracens, who permitted the Christians to build churches and to live according to their law, "They are just, and we suffer no** (Thompson, 1959, vol 1, p385

([9] ) هەرچەندە نکۆڵی لەوەناکرێت کە لێرەو لەوێ ئازار و چەوساندنەوەی تاکەکەسی هەبووە لە وڵاتانی موسوڵمانان، بەڵام ئەمە بە پیلان و بەرنامەی دەسەڵاتی وڵاتانی موسوڵمانان نەبووە، بۆیە ناکرێت بۆچوونی ئەو مێژوونووسە ئەوروپیانە لەوبارەیەوە بکرێتە ڕاستی بنچینەیی لەشکرکێشی خاچی، لەبەرئەوەی بەگەڕانەوەمان بۆ مێژووی بڵاوکردنەوەی مەسیحیەت ئەم جۆرە چەوساندنەوانە لەلای مەسیحیەکانیش دەبینین، کە چ چەوساندنەوەیەکیان دووچاری خەڵکانی نامەسیحی کردووە (ارنولد، 1971، ص31)، لەلایەکی دیکە مێژوونووسی ئەوروپی (Vasiliev) لەشکرکێشی خاچی بۆ سەر جیهانی ئیسلامی لەژێر پاڵنەری چەوساندنەوەی تاکەکەسی مەسیحیەکانی ڕۆژهەڵات ڕەتدەکاتەوە، لەبەرئەوەی ناوبراو پێیوایە پێکەوەژیانی ئاشتیانە و چێژوەرگرتنی مەسیحیەکان لە ئازادی ئاینی و نائاینی لە ژێر سایەی دەسەلاتی موسوڵمانان بەڵگەیەکی نکۆڵی لێنەکراوە، بگرە مەسحیەکان نەك تەنها لە کڵێسا کۆنەکانیان ماونەتەوە و پارێزگاریان لێکردووە، بەڵکو ڕێگەیان پێدراوە کەنیسە و دێری نوێ بۆخۆیان دروست بکەن و کتێبخانەکانیان پڕکردووە لە کتێبی لاهوتی **(ookout for those whom they can attack .” 60 The Arabs ' tolerance toward the Christians also manifested itself in the West .When , for instance , at the end of the eleventh century the Spaniards conquered the city of Toledo from the Arabs , they were surprised to find Christian churches in the city untouched and to learn that services had con tinued there undisturbed .Similarly ,when at the end of the eleventh century the Normans took possession of Sicily , they found there , in spite of more than two hundred years of Arabian rule in the island , a very large number of Christians who were freely professing their faith . Thus the first incident of the eleventh century which struck the Christian west painfully was the destruction of the Temple of the Resurrection and Golgotha in 1009)** ( Vasiliev, 1952, , vol 1, p393).

لەسەر دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی وڵاتانی ڕۆژئاوا هەبووە بۆ گەیشتن بە خاکی پیرۆز، لەو پێناوەدا تێکۆشانی زۆریان کردووە، بێگومان یەکێك لەو ڕێگایانەی خەباتیان دەستوەردان بووە لە کێشە ناوخۆییەکانی دەوڵەتی ئەیوبی.

لەلایەکی دیکە سەدەکانی ناوەڕاست لە مێژووی ئەوروپای ڕۆژئاوا بەسەردەمی ئیمان(عصور الايمان) ناسراوە(عاشور، 1971، ج1، ص32)، چونکە پاپا وەهای بڵاوکردەوە کە ئەو جێنشینی عیسای مەسیحە لەسەر زەوی و ڕێبەری ڕۆحی مەسیحییەکانە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا(Vasiliev, 1958, Volume 2,p 397)لەو ڕێگەیەشەوە پاپا هەوڵی وەلانانی ئەو ناکۆکییە ئاینیەی دا کە لەنێوان کەنیسەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا هەبوو(بارکر، 1967 ، ص17-19)، تەنانەت هەردوو کەنیسە بەجۆرێك لێکنزیك بوونەوە لەژێر سایەی یەك گوتار دا جەنگی دژ بە موسوڵمانانیان ڕاگەیاند، بەمەش پارێزگاریان لە ئیمپراتۆری بێزەنتیە کرد (Ostrogorsky, 1968, p. 346). لەدوای پرۆسەی فتوحاتی ئیسلامی بەشێك لەناوچەکانی مەسیحیەکان کەوتنە ژێر دەسەڵاتی مسوڵمانان، لەوانەش قودس کە مەسیحیەکان بە چاوێکی پیرۆز سەیری شارەکەیان دەکرد(الصوری، 1991، ج2، ص79-81؛ ابن البطریق، 1658، ج2، ص285؛ اليعقوبی، ١٤٢٢ هـ، ، ص167-168)، لەسەردەمی ئومەویەکانیشدا پرۆسەی حەجی ساڵانەی مەسیحیەکان بۆ قودس ڕاگیرا(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: العدوی، 1953، ص46-119)، وەلێ بەدەرکەوتنی عەباسیەکان لە دەسەڵاتی خیلافەتی ئیسلامی و بەدیاری کراوی لەسەردەمی (خەلیفە هارونە ڕەشید(170-193ك/786-809ز) دا گۆڕانکاری بەسەر پەیوەندی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا هات بەوەی هارونە ڕەشید ڕێگەیدا مەسیحیەکان سەردانی بیت المقدس بکەن(الصوری، 1990، ج1، ص67)، بەڵام بەهاتنە ئارای ناکۆکی مەزهەبی سونە و شیعە پرۆسەی سەردانی مەسیحیەکان بۆ قودس وەستێنرا (بڕوانە: دخيل، 2009، ص127-139)، بەوهۆیەوە ناکۆکی نێوان ڕۆژئاواییەکان و مسوڵمانان فرەتر بوو، لەمانگی شەعبانی 492ك/یونیەی 1098ز خاچپیەکان دەستیان بەسەر قودس دا گرت و مسوڵمانان ئازاری زۆریان تووشهات لەسەر دەستی خاچپیەکان، هەروەها وێراناکاری و سوتاندنی شوێنەکانیان پەیرەو کرد، بەتایبەت شوێنە پیرۆزەکان(الصوری، 1990، ج2، ص125-126)، بەڵام کاتێك زەنگیەکان وەك پەرچەکرداری بەردەم خاچپەکان دەرکەوتن و هەندێ ناوچەیان لەژێر دەستی خاچپەکان دەرهێنا، کاریگەری گەورەی کردە سەر خاچپەکان(ابن القلانسی، 1983، ص436؛ ابن الاثیر، 1997، ج9، ص131؛ الجنزوری، 2001، ص301-318).

ئەم بەریەککەوتن و سەرکەوتن و ژێرکەوتنە لەنێوان هەردوولادا بەردەوام بوو تاوەکو ئەیوبیەکان وەکو دەوڵەت دەرکەوتن و سوڵتان صلاح الدين جیاواز لە هەمووان مێژوویەکی پڕ لەسەروەری بۆ موسوڵمانان تۆمارکرد، بەوەی توانی قودس ڕزگار بکات(ابوشامة، 1997، ج3، ص423-427؛ ابو الفداء، د.ت، ج3، ص71-73؛ ابن واصل، 1953، ج٢، ص٢٨٨)، ئەمە کاریگەری گەورەی لەسەر دەرونی خاچپەکانی ڕۆژئاوا دروستکرد، بەهۆی ئەو هەواڵە نامۆیانەی لەلایەن کاربەدەستانی خاچی لەڕۆژهەڵات دەنێردرا بۆ ڕۆژئاوا(Painter, 1962, vol. II, pp. 45- 48)، لەو سۆنگەیەوە پاپا (گریگۆری هەشتەم)[10] داوای لە دەسەڵاتدارانی ئەوروپایی کرد، کە ناکۆکییەکانیان وەلابنێن، ڕووبکەنە ڕۆژهەڵات بە مەبەستی پارێزگاری کردن لە مەسیحیەکانی ڕۆهەڵات(Johnson, 1969 , vol. II, pp.89)، لەسەر ئەو بنەمایە هەریەکە لە پادشای ئینگلتەرا و فەرەنسا بەدەم داواکاری پاپاوە چوون(Johnson, 1969, vol. II, pp116). لەنامەیەکی (ڕیچارد شێردل(585-596ك/1189-1199ز)پادشای ئینگلتەرا، کە بۆ سوڵتان صلاح الدين ناردوە دەڵێ: **(قودس پەرستگامانە و هەرگیز دەستی لێ هەڵناگرین تەنانەت ئەگەر هەمومان لە پێناوی دا گیان ببەخشین ، خاچەکەمان لای ئێوە تەنها دارێکە و هیچ بەهایەکی نییە، بەڵام لای ئێمە پیرۆزە و سوڵتانەکان بۆ فەرمانڕەوای بەکاری دەهینن، دەمانەوێت ئیدی پشووبدەین)** (ابن الفرات 1969 ، م٤، ج٢، ص٣٩)، بەوردبوونەوەمان لە ناوەڕۆکی ئەم دەقە دەتوانین بڵێین گوتاری ئاینی ڕۆڵێکی گەورەی لە هەنگاوەکانی لەشکری خاچی بۆ سەر جیهانی ئیسلامی هەبووە، بە بەڵگەی ئەوەی لە قۆناغی دووەمی دەستوەردانی خاچپەکان لە کێشەناوخۆییەکانی دەوڵەتی ئەیوبیدا پاپا گریگۆری نۆیەم هەنگاودەنێ بۆ بانگەوازیکردن بە مەبەستی هێرشکردنە سەر ڕۆژهەڵات، ئەمە لەکاتێکدابوو هێشتا ماوەی ڕێککەوتنی نێوان فردریکی دووەم و سوڵتانی میسر کۆتایی نەهاتبوو، کە ئاکامی ەو هەڵمەتەی پاپا بە دەستوەردانی خاچپەکان لە بەرژەوەندی دیمەشق دژی ئەیوبیەکانی میسر دەستی پێکرد(ابن واصل، 1957، ج5، ص333؛ .Jean, 1874, p483; potthast, 1874, I, p906-917).

لەیەکی دیکە ئاڵنگاریەکانی ڕۆژئاوا لەسەر دەسەڵات بەتایبەت ئینگلتەرا گەیشتبووە ئاستێکی مەترسیدار، بۆیە دروستکردنی ڕووداوێك لەدەرەوەی ئەوروپا پێویستیەکی حەتمی بوو(ستیڤن، 1997، مج3، ق1، ص314-315). لەمەوە تێدەگەین کەوا

---

[10] ) پاپا گریگۆری هەشتەم ناوی (ألبرتو دی مورا ) یەو لە (بینیفنتو) لە ئیتاڵیا لە دەوروبەری (504ك/1110ز) لە خێزانێکی ئاغا لەدایکبووە، دوای ئەوەی بوو بە قەشە بەتێپەڕبوونی کات پایەی بەرزبوویەوە، تاوەکو بوو بە نوێنەری پاپای پاپا ئەلێکساندەری سێیەم بۆ ئەوەی لە سەرانسەری ئەوروپادا وانە بڵێتەوە، لە ساڵی(573-575ك/ ١١٧٧ – ١١٧٩ز) لە ئیتاڵیا وەک نوێنەری پاپا کاری کردووە، پاشان لە شوباتی(574ك/ ١١٧٨ز)دا وەک ڕاوێژکاری کەنیسەی ڕۆمانی پیرۆز دەستنیشان کراوە، لەساڵی (583ك/1187ز) مردووە .(Levillain, ed 2002, 653)

سیاسیەکانیش لە پاڵ پاپادا لەژێر کاریگەری ئاین هەوڵی دەستگرتن بەسەر خاکی موسوڵمانانیان داوە، بەنموونە (لویسی نۆیەم(623-669ك/1226-1270ز)ی پادشای فەرەنسا مەسیحییەکی دیار بوو، بە پارێزەری دین ناسرا بوو ( Jackson, 2009. P17-18)، بۆیە نازناوی قەدیسی لێنرا بوو(هلستر، 1988، ص166)، ئەمەش وای لێکرد بوو بەشداریەکی کارا لە جەنگی خاچیدا بکات (Jackson, 2009. Pp17-18). هەڵبەتە بەشداری پادشاکان لەژێر فشاری پاپا دا بەهۆکاری ئەوە بوو کە لە دەسەڵاتی سیاسی و پیرۆزی کەنیسە بێبەش نەکرێن، چونکە پاپا دەسەڵاتێکی ڕۆحانی و زەمینیشی هەبوو لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای مەسیحییەت، بۆیە دەیتوانی پادشایەك بە کافر لە قەڵەمبدات لە ئەگەری پابەندنەبوونی بە بڕیارەکانی پاپا، کە فردریکی دووەم باشترین بەڵگەیە، کە بەوهۆیەوە دەستوەردانی کرد لە کێشەناوخۆییەکانی ماڵباتی ئەیوبیدا، بەهۆیەوە پێگەی ئاینی و سیاسی بەدەستهێنایەوە(المقریزی، 1997، ج1، ص353؛ Thomas, 1969 , vol 2, pp 434-436)، پاپا گریگۆری نۆیەم بڕیاری لێخۆشبوونی بۆ ناوبراو دەرکرد، چونکە پیرۆزترین شوێنی مەسیحیەکانی بەدەستهێنا لەڕێگەی لایەنگری کردن لە پادشای میسر دژی پادشای دیمەشق(ابن تغری بردی، د.ت، ج6، ص271-273، 283؛ Thomas, 1969, vol 2, p429-462). لەکۆتایی ئەم هۆکارەدا دەتوانین بڵێین هۆکاری ئاینی ڕەهەندێکی کارایە لە پاڵنانی خاچیەکان بۆ دەستگرتن بەسەر قودس و دەوروبەری، کە بێگومان بە دەستوەردان لە ململانێ ناوخۆیەکانی دەوڵەتی ئەیوبی خاکی پیرۆزیان دەستکەوت.

**3. هۆکاری جوگرافی و ئابووری**

هۆکاری جوگرافی ڕۆڵێکی دیاری لە دەستوەردانی خاچی لە ململانێی ناوخۆی دەوڵەتی ئەیوبیدا هەیە، لەبەرئەوەی هەریەکە لەوڵاتی شام و میسر هاوسنوربوون لەگەڵ دەسەڵات و شانشینە خاچییەکان(ابن حوقل، ١٩٣٨، ج1، ص165، 168، 183، 188)، تەنانەت هەندێ ناوچەی دیاری ئەیوبیەکان خاڵی بەیەکگەیشتنی خاچی و موسوڵمانان بوو بە یەکتری، واتا ئەم ناوچانە بوونەتە هێڵی بەرگری نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا(قاسم، د.ت، ص29-30)، ئەمە کاریگەری لەسەر بەریەککەوتن و ئاوێتەبوونی هەردوولا هەبووە(المقریزی، 1997، ج1، ص354). لەلایەکی دیکە جوگرافیا کاریگەری لەسەر نەخشەی سەربازی هەبووە، بەنمونە کاتێك سوڵتان صلاح الدین بڕیاری جەنگی دژ بە خاچییەکانیدا لە (طبریە)[11] لە ساڵی (583ك/1187ز) فەرمانی کرد بە خەڵکی حەلەب تاوەکو لەگەڵ پادشای (ئەنتاکیە) [12] ڕێکبکەون، بۆئەوەی لە دواوە هێرش نەکەنە سەر سوپای ئەیوبی(ابن شداد، 1994، ص126؛ ابو شامة، 1997، ج3، ص293؛ الغامدی، 1402هـ، ص189)، ئەمە کاریگەری ئەو هاوسنوریە دەردەخات لەسەر ڕووداوەکان. بێگومان لەکاتی ململانێی نێوان پادشاکانی شام و میسریش خاچییەکان بەهۆی جوگرافیاوە نزکترین هێزبوون لە ئەیوبیەکان لە سنوری ڕۆژئاوادا(مجهول، ١٤٢٣، ص176)، کە بە ئاسانی ئەیوبیەکان دەنگیان پێیان گەیشت بۆ دەستوەردان لە ململانێکەدا (ابن العمید، د.ت، ص14)، کەواتە مادام هاوسنوربون لەگەڵ یەکتری بەڵگەیەکی نکۆڵی لێنەکراوە کەوا کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبووە لەسەر دەستوەردانی خاچیەکان لە کێشە و ململانێی ناوخۆی دەوڵەتی ئەیوبیدا.

لەڕووی ئابوریەوە لە مێژووی پێش ئەیوبیەکانەوە ئابووری ڕەهەندێکی کارابووە لە گەیشتنی خاچییەکان بە ڕۆژهەڵات، لەو پێناوەشدا ڕێگای جەنگ و ئاشتیان بەکارهێناوە، لەبەرئەوەی سیستەمی ئابووری ئەوروپا دووچاری کێشە گەلێکی زۆر هاتبوو لەسەدەکانی ناڤین، لەو ڕوانگەیەوە دەستگرتن بەسەر ڕۆژهەڵات وەك دەرەچەی ڕزگاربوون لەو دۆخە سەیر دەکرا، بەنمونە لە کۆتایی سەدەی (5ك/11ز)، کە برسێتی و قات و قڕی بەرۆکی گرتبوون، بەهۆی کەمبوونەوەی دانەوێڵە و بەرزبوونەوەی نرخەکەی بەڕادەیەکی بەرچاو( Thompson, 1928, p392 )، لەبەرامبەر ئەو تەنگژە ئابووریەدا هەواڵی دەوڵەمەندی ڕۆژهەڵات بەتایبەت لەبواری کانزادا بە ئەوروپادا بڵاوبوویەوە و لەوبارەیەوە سەرچاوە مێژووییەکان چیرۆکی سەرنج ڕاکێشیان تۆمارکردووە، وتراوە لە ئێوارآندا دانیشتوانی دەوروبەری ڕوباری نیل تۆڕەکانیان دەخەنە ناو ڕووبارەکەوە، بۆ ڕۆژی دواتر دەبینن پڕبوون لە شتی بە نرخ و گران بەها کە هەمووی لە بەهەشتی زەویەوە دەرچووە، هەروەها پاپا ئۆربانی دووەم لەبارەی شامەوە گوتوویەتی: (ماست و هەنگوینی تیا هەڵدەقوڵێ)( جوانفیل، 1968، ص105) ، بێگومان ئەم بەسەرهاتانە دروستکراوبوون و ئامانج لێی کێشکردنی

---

([11] ) طبریە: شارۆچکەیەکە ڕووی لە دەریاچەی ناسراوە بە دەریاچەی طبریەیە، و لە... نوکی شاخێکە، و چیای الطور دەڕوانێتە سەری، سەرباکاروباری ئوردن بوو، لە نێوان ئەو و دیمەشق بۆ ماوەی سێ ڕۆژ، هەروەها لە نێوان ئەو و بەیت قودس و دوو ڕۆژ هەیە لە نێوان خۆی و عکادا، وە چوارگۆشەیە لەسەر دەریاچەکە، پانایيەکەی کورتە تا کۆتایی دێت بە شاخێکی بچووک، کە لەوێدا کۆتایی بیناکەیە(الحموی، 1995، ج4، ص74).

([12] ) یەکەم کەس کە ئەنتیکەی دروستکرد ئەنتیکۆس بوو، وە سێیەم پاشا بوو لەدوای ئەسکەندەرەوە، وە یەحیا بن جەریر، پزیشکی تکریتی باسی کرد, لە ساڵی شەشەمی مردنی ئەسکەندەردا ئەنتیکیا بوو، و ئەو تەواو نەکرد، بۆیە سێلۆکۆس دوای ئەو تەواو کرد، شارێکی گەورە بوو، ئەنتیکە، و لە نێوانیاندا شەو و ڕۆژێک، وە مەودای نێوان حەلەب و ئەنتیکەمان بینی پڕە و لە پلەی یەکەمدا وێران نەبووە، بەڵام خاکێکە لە ژێر دار زەیتونەکاندا گەنم و جۆ دەچێنێت، گوندەکانی بەیەکەوە گرێدراون، باخەکانی گوڵ دەکەن، ئاوەکانیش دەتەقنەوە، کە ڕێبوار بە ئارامی و ئاسایش و بێدەنگیدا گەشت دەکات. وە ئەنتیکیا: وڵاتێکی گەورەیە کە دیوار و لایەنەکانی تێدایە، دیوارەکەی سێ سەد و شەست تاوەری هەیە کە لە نوبیا دەسوڕێنەوە، چوار هەزار پاسەوان کە لە قوستەنتینیە لە ئامادەبوونی پاشاوە دەچنە ژوورەوە، گەرەنتی پاراستنی وڵاتەکە دەکەن بۆ ماوەی ساڵێک(الحموی، 1995، ج1، ص266-267).

خەڵكی ڕۆژئاوا بوو بۆ ڕۆژهەڵات، بەڵام كاریگەری گەورەی لەسەر كۆكردنەوەی خاچیەكان هەبوو، بە بەڵگەی ئەوای هەزاران سەرباز و شازادەیان لە وڵاتانی ئەوروپاوە پەلكێشی ڕۆژهەلات كرد، تا دواجار بەشێك لەمانە بوونە ئەو دەستەو گروپانەی لە ناكۆكی ناوخۆیی دەوڵەتی ئەیوبیدا بەكارهاتن.

لەلایەكی دیكە جوتیارەكان هەڵمەتی خاچییان وەك فریاد ڕەسێك بینی بۆ ڕزگاربوونیان لەو سیستەمە دەرەبەگیەی كە ئەركێكی قورسبوو بەسەر شانیانەوە(عاشور، 1959، ج2، ص62؛ قاسم، 1999، ص102؛Edward Eyre, 2013, p251 )، بە وردبوونەوە لە هەبوونی ئەم شێوە ژیانە و تێڕامان لە هەڵمەتی یەكەمی خاچی بۆ سەر جیهانی ئیسلامی ڕۆحێكی فیوداڵی بەدی دەكرێت، چونكە ژمارەیەك لە ئەمیرەكان سەركردایەتی هەڵمەتەكەیان دەكرد كە هەموویان سەرباز و ئەجێندای سیاسی خۆیان هەبوو، كە هەندێ كات ئەم سیاسەتەیان پێچەوانەی یەكتری بووە(حبشی، 1947، ص64-66). زۆرێك لە مێژوونووسان هاوڕان لەسەر ئەوەی كەوا زۆربەی ئەو ڕۆژئاواییانەی بەشدارییان لە جەنگی خاچپدا كردووە و وازیان لە وڵاتەكەیان هێناوە، لە بنەڕەتدا ئەمانە خواستێكی سیاسیان هەبووە، كە بریتی بووە لە ڕزگاربوون لەو سیستەمە سیاسیەی لە ئەوروپا هەبوو كە سیستەمی ئەقتاع بوو، چونكە ئەم نیزامە ئەركی سەر شانیانی قورس كردبوو، بەوهۆیەوە لە ژیانێكی مەمرە و مەژیدا گوزەرانیان دەكرد، بۆیە دەیانوویست سودمەندبن لەو سیستەمە سیاسی و ئابوورییەی لە ڕۆژهەڵات هەبوو (هلستر، 1988، ص147-167؛ Thompson, 1959, vol 1, p302). بێگومان هەڵكەوتەی جوگرافیای ڕۆژهەڵات بەتایبەت بەندەرەكانی شام و دەریای ناوەراست و میسر و دەریای سور و دەریای عەرەب پردی گەیشتن بوون بە هیند لە ڕێگەی كەنداوی فارس، كاریگەری گەورەی لەسەر خاچییەكان هەبوو (كاهن، 1995، ص31-32)، چونكە دەیانویست دەست بەسەر ڕێگای بازرگانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا بگرن بەتایبەت لە دەریای ناوەڕاستدا، لەلایەكی دیكە دەستگرتن بەسەر زەویە كشتوكاڵییەكان و بەروبوومی كشتوكاڵی لە ڕۆژهەڵات لەپێشینەی كارەكەیان بوو(بطروس، 1999، ص75-82). بەتێڕوانینمان لە هزری پادشا و ئەمیرانی خاچی پەیوەست بە مانەوەیان لە ڕۆژهەڵات دەتوانین بڵێین رەهەندی ئابووری كاریگەریەكی گەورەی هەبوو، بە بەڵگەی ئەوەی یەكێك لە ئامانجەكانیان لە دەستگرتن بەسەر ئەنتاكیە و بەیت وموقەدەس وەدەستهێنانی دەسكەوتی ئابووری بوو( بطروس، 1999، ص 110-119، 289-294، 313-319)، چونكە لەو ڕێگەیەوە گرنگیان بە بازرگانی ڕۆژهەڵات دا(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هاید، 1985، ج1، ص175-200)، بەنمونە شارەكانی (طرابلس)[13] و (صور)[14] بەناوبانگبوون بە شەكر، خاچیەكان توانیان بیگوازنەوە بۆ ئەوروپا و خەڵكیان هاندا بۆ چاندنی ئەم بەرهەمە كشتوكاڵیە(الادریسی، ١٤٠٩ هـ، ج1، ص372-373؛ الطشانی، 2012، ص18).

هەڵبەتە خاچییەكان دوای زنجیرەیەك هەڵمەتی سەربازی یەك لە دوای یەك توانیان بەشێك لە خواستەكانیان لە ڕۆژهەڵات بە دەستبهێنن، بەڵام بە دەركەوتنی سوڵتان صلاح الدین بەشی زۆری دەسكەوتەكانیان لەدەست دا و دووچاری كارەساتی ئابووری گەورە هاتن، چونكە بەشێكی زۆری ناوچە داگیركراوەكانیان لە دەست دا، بەوهۆیەوە ئەو پارە و زێڕ و زیوەی كۆیان كردبۆووە لە دەستیان چوو، ئەقتاعەكانیشان لێسەندرایەوە(بڕوانە: الاصفهانی، 2012، ص57-128)، بەڵام بەدەركەوتنی ململانێی نێوخۆی ئەیوبی و دەستوەردان لە ململانێكەدا جارێكی دیكە توانیان ئەقتاع و دەسكەوتە ئابووریەكانیان بەدەستبهێننەوە(سبط ابن الجوزی، 2013، ج22، ص296). ئەمە سەرەڕای ئەو تێڕوانینەی خاچییەكان كە پێیانوابوو دەبێت دەست بەسەر ناوچە كەناراوەكانی میسردا بگرن، چونكە ئەوە تاكە ڕێگای پارێزگاری كردن و بەرژەوەندی بازرگانیانە لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا(زیادة، 1961، ص39)، چونكە ئەوان بەچاوێكی ئابووریانە سەیری ڕۆژهەلاتیان كردووە، بۆیە خوازیاری دەستگرتن بوون بەسەر خێروبێری دا (ابن الاثیر، 1997، ج٩ ، ص454؛ ماجد، 1997، ص33)، لەو سۆنگەیەوە ڕێگای هەمەجۆریان بەكارهێناوە، بەتایبەت دوای شكستیان لەجەنگدا و بەدی نەهاتنی هیواكانیان، پەنایان بردە بەر دەستوەردان لە كێشەناوخۆیەكانی پادشایانی ئەیوبی، بەوهۆیەوە دەسكەوتیان دستكەوت(ابن العدیم، 1996، ص475) و بەشێك لەخواستەكانیان لە خاك و كایەی ئابووریدا وەدەستهێنا، كەلێرەدە دەرفەتی باسكردنیان نیە، لەڕاستیشدا یەكێك لە ستراتیجیەكانی هەر هێزێكی سیاسی و سەربازی كایەی ئابووریە، لەبەرئەوەی بە یەكێك لە ڕەگەزەكانی بەهێزبوونی دەوڵەت دادەنرێت.

---

([13]) طرابلس: تەرابلوس بە واتای سێ شار دێت، تەرابلوس لە ڕۆمانی و یۆنانی سێ شاردایە ، و یۆنانیەكان ناویان لێنا تراپۆلیتا، و ئەوەش بە زمانەكەیان سێ شار، چونكە تار بە واتای سێ و شارێك دێت، و باس لەوە كراوە كە ئەشبارۆس قەیسەر یەكەم كەس بووە كە دروستی كردووە، هەروەها پێی دەوترێت شاری ئیاس ، و لەسەر شاری تەرابلوس دیواری سەخر جەلیل ئەلبانیان هەیە، و لە كەناری دەریادایە(الحموی، 1995، ج4، ص25).

([14]) صور: لە ناوچەی چوارەمدایە، درێژییەكەی پەنجا و نۆ پلە و چارەكێكە و پانییەكەی سی و سێ و دوو لەسەر سێی پلەیە، شارێكی بەناوبانگە كە دروستكراوێكی زاهید و زانایانی تێدا نیشتەجێیە و لە نێو خەڵكەكەیدا كۆمەڵێك ئیمام هەبوون، وە یەكێك بووە لە سنوورە موسڵمانەكان، و ڕووی لە دەریای... شام، وەك دارخورما لەسەر قوڵی پێشەوە دەچێتە ناو دەریاوە، لە هەموو لایەكانیەوە بە دەریا دەورە دراوە، جگە لە چوارەم كە لێیەوە دەستپێكردنی دەروازەكەی، و زۆر بەهێز و وەستاوە(الحموی، 1995، ج3، ص433).

**4. ناكۆكی ناوخۆیی خاچییەكان**

ناكۆكی نێوان دەسەڵاتی ئاینی و دەسەڵاتی سیاسی ڕیشەیەكی مێژوویی قوڵی هەیە، بەهۆیەوە لێكەوتەی پڕ لە ئاڵنگاری لە ئەوروپا هێناوەتە ئارا، بەنمونە لەسەدەی (4ك/10ز) بزوتنەوەیەكی ئاینی سەری هەڵدا بەناوی (حركە الكلونیە) [15]، بەوهۆیەوە ناكۆكی لەنێوان دەسەڵاتی سیاسی و ئاینی سەری هەڵدا( .11-Logra, 1924, pp 3 ;یوسف، 1984، ص181-191)، بەتایبەت لەساڵی 468-469ك/1075-1076ز) كە تیایدا هەردوولا تەواوی تواناكانیان بۆ زاڵبوونی ئیرادە بەسەر یەكتردا بەكارهێنا ( Leziroli 1992, p. 45؛ عاشور، 2003، ص10-11)، بەتێپەڕبوونی كات بزوتنەوەكە ڕێڕوە دینیەكەی فروانكرد و ڕێرەوی سیاسی گرتەبەر و دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتی زەمینی كردە ئامانج، لەو پێناوەدا هەوڵیاندا پاپا بخەنە سەروی دەسەلاتی سیاسی، تەنانەت هەموو دەسەڵاتێكی سیاسی و ئاینییان ملكەچی پاپا كرد لە جیهانی مەسیحی دا(باركر، 1967، ص5)، لەو سۆنگەیەوە پاپا هەر فەرمانێك دەربكات دەبێت جێبەجێ بكرێت و هەمووان پابەندی بن، بەڵام بە تێپەڕبوونی كات ئەمە بووە مایەی بێزاری دەسەڵاتی سیاسی و بەڕووی پاپادا تەقیەوە.

كاتێك خاچیەكان گەیشتنە ڕۆژهەڵات ئاڵنگارییەكانیان كۆتایی نەهات، بەتایبەت دوای شكستیان لەبەرامبەر موسوڵمانان و لەدەستدانی قودس(بڕوانە: الاصفهانی، 2012، ص54-220)، چونكە هەریەكە هەوڵی دەدا ئەویان ببێتە پاڵەوانی سەركەوتن و شكاندنی موسوڵمانان، بەوهۆیەوە یەكتریان تاوانبار دەكرد (ابن الاثیر، 1997، ج10، ص81-85؛ رانسیمان، 1997، ج٣، ص٩١)، وەلێ ناكۆكی نێوانیان نەبووە هۆی دەستبەرداربوونیان لە ڕۆژهەڵات(.Thomas, 1969 , vol 2, pp377-396)، بەتایبەت ئەوكاتەی ناكۆكی ناوخۆ ماڵباتی ئەیوبی گرتۆتەوە(ابن واصل، 1957، ج4، ص127؛ أبو الفداء، د.ت، ج3، ص132)، لەساڵی (595ك/1198ز) پاپا پرۆژەیەكی بۆ دەستگرتن بەسەر فەلەستین و بیت المقدس ڕاگەیاند، بەڵام لە نێوخۆدا دووچاری كێشە هاتن(قلعجی، 1992، ص458). لەماوەی هەڵمەتی پێنجەمیشدا ناكۆكی كەوتە نێوان ( الكارینال بلاجیوس)[16] نێردەی پاپا(رانسیمان، 1997، ج٣، ص275-276)و (پادشا جان دی برین(607-635ك/1210-1237ز)[17] لەو هەڵمەتەدا، بەوهۆیەوە سەركردایەتی هەڵمەتەكە سپێردرا بە ئیمپراتۆر فردریكی دووەم(Setton, 1969, vol 2, p409)، كاتێكیش توانیان دەست بەسەر دمیاط دا بگرن، ناكۆكیەكان قوڵتربوون، لەبەرئەوەی هەرچی نوێنەری پاپا بوو دەیوست دەسەڵاتی شارەكە بەدەست كەنیسەوە بێت، لەبەرامبەردا پادشا جان دی برین بە پشتیوانی هەندێك لە هێزەكانی خاچی دەیویست شارەكە بخرێتە سەر شانشینی قودس، ڕای گشتی دژی نوێنەری پاپا بوون و پشتیوانی پادشا جان دی برین بوون، ناكۆكیەكە تا دەهات فرەتر دەبوو، لەبەرئەوەی بەرەی پشتگیری هەردوولا فراوانتر بوو، بەنمونە یەكەی سەربازی (الداویە)[18] و (الاسبتاریە)[19] و فرنسیەكان پشتگیری پادشا جان دی برینیان كرد، لەبەرامبەردا ئیتاڵیا پشتگیری بلاجیوس نوێنەری پاپایان كرد، لەكۆتایدا پرسی كێشەكە خرایە بەردەم پاپا (هونوریوسی سێیەم(545-625ك/1150-1227ز) ئەویش پشتگیری پادشای كرد و بڕیاردرا دمیاط ببێتە بەشێك لە بیت المقدس (رانسیمان، 1997، ج٣، ص286-291)، بە وردبوونەوە لە ڕووداوێكی وەهادا دەزانین كەوا ناكۆكی ناوخۆی خاچیەكان لەسەر دەسەڵات و بەدەستهێنانی زەوی بووە بەڕادەیەكی زۆر، بۆیە دەكرێت بڵێین بەدەست هێنانی قودس لەسەردەمی ئەیوبیەكان بۆ خاچیەكان وەك بابەتێكی خەیاڵی بوو، چونكە چەندین سەركردەی دیاری خاچی لەوپێناوەدا هەنگاوی گەورەیان نا، بەڵام سەركەوتوو نەبوون، تا ئەوكاتەی لە ئاكامی سەرهەڵدانی ناكۆكی ناوخۆ دەوڵەتی ئەیوبی ئەوەیان بۆ لوا.

---

([15] ) ناوەكەی دەگەڕێتەوە بۆ (دێری كلۆنی) لە برجندیا، خودی بزوتنەوەكەش لەوێ لەژێر ناوی چاكسازی ئاینی سەری هەڵدا، ئەم بزوتنەوەیە لەسەرەتا دا بانگەوازیان بۆ چاككردن و ڕێكخستنی كاروباری پیاوانی دینی و گەڕانەوە بۆ پەیامی مەسیحیەت كرد، هەروەها وازهێنان لە خراپە و ترسان لەخودا لە دروشمە سەرەكییەكانی بزوتنەوەكە بوو. (Setton, 1969, vol 1, pp. 24-29)ئەم بزوتنەوەیە لە ژێر ناوی ئاین هەنگاوی نا، وەلێ لە ڕواڵەتدا هەڵگری پەیام و ئامانج گەلێكی دیكە بوو لەپاڵ خواستە دینیەكەدا (ابن القلانسي، 1983، ص218-243؛ ;Stevenson, 1907, pp 1-7 Setton, 1969, vol 1, p3).

([16] ) الكارینال بلاجیوس: بە ڕەگەز ئیسپانیە و كەسێكی بەتوانا بوو، شارەزای كاروباری كارگێڕی بوو، ڕۆڵی لە چارەسەركردنی كێشەی كەنیسەی یۆنان لە ئیمپڕاتۆریەتی لاتینی بینیووە، كاراكتەرێكی سیاسی دیاری هەڵمەتی خاچییە و وەك نوێنەری پاپا بەشداری كردووە. بڕوانە: (رانسیمان، 1997، ج٣، ص275-278).

([17] ) یوحنا برین پادشای بیت المقدس بوو، ڕۆڵێكی دیاری لە بەریەككەوتنەكانی خاچیەكان و موسوڵمانان بینیووە، هەروەها یەكێك بووە لەوانەی بەشداریەكی كارای لە كێشەناوخۆییەكانی خاچیەكاندا كردووە. بڕوانە: (رانسیمان، 1997، ج٣، ص238-242).

([18] ) الداویة: فرسان الهیكل یاخود فرسان الداویة، یەكەیەكی سەربازی ئاینی شۆڕەشگێڕ بوون، لە هەژارە مەسیحیەكان پێكهاتبوون لەسەدەكانی ناوەڕاست، ئەمانە بە (فرسان هیكل سلیمان)یش ناویان هاتووە، چونكە ریشەكەیان دەگەڕێتەوە بۆ بیت المقدس، لە كتێبە ئاینیەكاندا بە الداویە ناویان هاتووە، ئەركیان پاراستنی حاجیە مەسیحیەكان بوو لەسەرەتادا و لە قودس نیشتەجێبوون لە تەنیشت پەرستگای سلیمان، بەتێپەڕبوونی كات فراوان بوون و ئەركی پاراستنی ئاینی مەسیحییان پێ سپێردرا، پاشان بووە بەهێزترین ڕێكخراوی سەربازی، چونكە لەئەوروپاوە پشتیوانی و هاوكاری دەكرا، ڕۆڵێكی گەورەیان لە ناكۆكی نێوان خاچیەكان و موسوڵماناندا بینیووە. (البیر شاندور، 1993، هامشی رقم (3)، ص60؛ رانسیمان ، 1997، ج2، ص347).

([19] ) الاسبتاریة: فرسان مستشفى القدیس یوحنا یان فرسان الاسبتاریة: یەكەیەكی سەربازی ئاینی بوو، شوێنكەوتەی مستشفى القدیس یوحنا المقدسی بوون، بە چەكدارانی القدیس یوحنا یان بیت المقدس ناسراون، عەرەبەكان بە الاسبتاریە ناویان بردون، ئەم ڕێكخراوە لەسەدەی (11ز) دامەزراوە، ئامانجیان چاودێری كردن و پاراستنی حاجیانی مەسیحی بوو لەكاتی سەردانی قودس، بەتێپەڕبوونی كات دەسەڵات و سەروەت و سامانیان زیادی كردووە، ڕۆڵێكی كارایان لە ململانێی نێوان خاچیەكان و موسوڵمانان دا بینیووە. (البیر شاندور، 1993، هامشی رقم (3)، ص60؛ رانسیمان ، 1997، ج2، ص347).

ناکۆکی نێوان دەسەڵاتی ئاینی و دەسەڵاتی سیاسی ڕۆژ بەڕۆژ بەردەوام بوو، بەتایبەت لەنێوان فردریکی دووەم و پاپادا، چونکە پاپا لەپاڵ دەسەڵاتی دینیدا، مەیلی قۆرغ کردنی دەسەلاتی دنیایشی هەبوو، بەوهۆیەوە پاپا کەوتە دژایەتیکردنی فردریکی دووەم، ئیمپراتۆر نەیدەویست ملکەچی پاپا بێت، بۆیە هەمیشە پاپا بەچاوی گومانەوە سەیری فردریکی دووەمی دەکرد، بەهۆی ئەوەی پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ بەشێك لە پادشاکانی عەرەب هەبوو، ئەو پادشایانە پاسەوانی تایبەتیان بۆ پاراستنی فردریکی دووەم لە پیلانەکانی پاپا دانا(kantorowicz,1957, pp170-180.)، بەتێپەڕبوونی کات ناکۆکیەکان قوڵتر بوون، بەتایبەت لەنێوان پاپا گریگۆری نۆیەمی تازە دەست بەکاربوو و ئیمپراتۆر فردریکی دووەم، بەهۆی دواکەوتنی ئیمپراتۆر لە هێرشی سەر موسوڵمانان، بەوهۆیەوە پاپا ئیمپراتۆری لە ئیمتیازەکانی کەنیسە بێبەش کرد، بۆیە ئیمپراتۆر کەوتە خۆ بە مەبەستی گێڕانەوەی شکۆی خۆی، لەوپێناودا ڕێگەی دبلۆماسی لەگەڵ پادشای میسر( الملك الكامل(615-635ك/1218-1237ز) بەکارهێنا و داوای لێکرد قودسی پێببەخشێ(ابن تغری بردی، د.ت، ج6، ص271-273، 283؛ المقریزی، 1997، ج1، ص353-355؛ Thomas, 1969 , vol 2, pp429-462)، بێگومان ئەو خواستەی جێبەجێبوو کاتێك سوڵتانی میسر داوای یارمەتی سەربازی لە ئیمپراتۆر کرد لەدژی خوارزمیەکان و الملك المعظمی برای(سبط ابن الجوزی، 2013، ج22، ص284؛ ابن واصل، 1957، ج4، 206-207)، ئامانجی فردریکی دووەم لەمەدا پاراستنی پێگەکەی بوو لە بەرامبەر ئومەرا و پادشاکانی ئەوروپا و پاپادا(مؤلف مجهول، 2010، ص370-371؛ ابن واصل، 1997، ج4، ص243)، بە لەبەریەك ڕانانی ئاڵنگاریەکانی نێوان پاپا و ئیمپراتۆر گەیشتین بەوەی ئەم ڕووداوە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر دەستوەردانی خاچیەکان لە ناکۆکی ناوخۆی ماڵباتی ئەیوبی هەبووە، بە بەڵگەی ئەوەی پاپا ئیمپراتۆری لە پیرۆزی کەنیسە بێبەشکردووە، فردریکی دووەمیش بۆ گێڕانەوەی ئەو پیرۆزیە پێویستی بە کارێکی گەورە بوو، بێگومان بە دەست هێنانی قودس بۆ جیهانی مەسیحی ڕووداوێکی یەکجار گەورە بوو لەو سەردەمەدا.

**5. ململانێی ئەیوبییەکان**

هۆکاری ڕاستەوخۆی دەستوەردانی خاچییەکان لە ململانێی ناوخۆی ماڵباتی ئەیوبیدا، دەگەڕێتەوە بۆ هانابردنی پادشاکانی ئەیوبی بۆ دەسەڵاتدارانی خاچی تاوەکو هاوکاری سەربازیان پێشکەش بکەن لە دژی براکانیان، بەنمونە کاتێك لەساڵی (624ك/1226ز) الملك المعظم لەگەڵ سوڵتانی خوارزم لە دژی الملك الكاملی برای ڕێککەوت، الملك الكامل ناردی بۆلای ئیمپراتۆر فردریکی دووەم تاوەکو هێرشبکاتە سەر عکا[20] بە مەبەستی فشار خستنە سەر پادشای دمشق (المقریزی، 1997، ج1، ص345)، ئیمپراتۆر نێردەی خۆی نادرە لای پادشای ئەیوبی بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە(رانسیمان، 1997، ج3، ص326-327)، الملك المعظم دوای ئەوەی بەو ڕێککەوتنەی نێوان الملك الكاملی برای و فردریکی دووەمی زانی لەساڵی (624ك/1227ز)، سوپای ئامادەکرد و بەرەو نابلس[21] ڕۆیشت، بەمەبەستی پارێزگاری کردن لە قودس، نێردراوی نارد بۆلای خوارزمیەکان(سبط ابن الجوزی، 2013، ج22، ص289؛ مؤلف مجهول، 2010، ص639). ئەمە وایکرد هەر هەردوو برا بە پاڵپشتی هێزی دەرەکی بکەونە گیانی یەکتری، لە ئاکامدا لەمانگی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی (626ك/1229ز) بیت المقدس ڕادەستی فرنجییەکان کرا، هەریەکە لەشارەکانی (الخلیل[22] و نابلس و الغور[23] و ملطیە[24] و..هتد) لەدەست موسوڵمانان دا مانەوە(ابن الاثیر، 1997، ج10، ص434؛ سبط ابن الجوزی، 2013، ج22، ص296، 299). لەڕاستیدا ئەمە کارێکی نابەجێ بوو کە سوڵتانی ئەیوبی کردی، چونکە قودس ڕووگەیەکی ئاینی بەهێزی لای موسوڵمانانیش هەبوو، بۆیە موسوڵمانان کەوتنە تانەدان لە الملك الكامل و تەنانەت لە مینبەرەکانی دیمەشقەوە بە خیانەتکار وەسف دەکرا(سبط ابن الجوزی، 2013، ج22، ص296؛ ابن واصل، 1957، ج4، ص245). ئەگەر لەڕوانگە دینیەکەوە کارێکی قورسبووبێت لەسەر دڵ و دەرونی وسوڵمانان، بەڵام لای پادشای دیمەشق واتای براوەی دەگەیاند لە دیدە سیاسیەکەوە، چونکە موسوڵمانان چاویان بڕیە ناوبراو و هیوای گێڕانەوەی شارەکەیان لەسەر ئەو هەڵچنیووە، ئەمەش واتای پشتیوانی جەماوەری دەگەیاند بۆ پادشای دیمەشق.

---

([20]) عکا: ناوەندێکی دیار بوو، شارێکە کەوتۆتە سەر کەناراوەکانی دەریای شام(الحموی، 1995، ج4، ص141).

([21]) نابلس: شارێکی ناسراوە لە خاکی فەلەستین لە نێوان دوو شاخدا، چوارگۆشەیە و هیچ پانییەکی نییە، هەروەها ئاوی زۆری هەیە، چونکە لە تەنیشت شاخێکە، خاکەکەی بەردە، لە نێوان ئەو و قودسدا دە فرسەغە (الحموی، 1995، ج5، ص248).

([22]) الخلیل: ناوی شوێن و شارۆچکەیەکە، کە قەڵایەک و بینایەک و بازاڕێک لە نزیک ماڵی پیرۆزدا هەیە، لە نێوانیاندا یەک ڕۆژە، کە تێیدا گۆڕی حەبرۆن ئیبراهیم، سەلامی خوای لەسەر بێت (الحموی، 1995، ج2، ص387).

([23]) الغور: دۆڵێکە لە ئوردن لە شام لە نێوان بیت المقدس و دیمەشق(الحموی، 1995، ج4، ص217).

([24]) ملطیە: شارۆچکەیەکی ناسراو و لە خاکی ڕۆمەکانەوە هاوسنوورە لەگەڵ شام، و هی موسڵمانان بووە(الحموی، 1995، ج5، ص192).

لەساڵی(637ك/1240ز) الملك الجواد(٦٣٥-641ك/ 1237-1243ز) دەستی بەسەر سنجاردا گرت، بەڵام بەهۆی لەدەستدانی شارەکە لە هەمان ساڵدا(سبط ابن الجوزی، 2013، ج22، ص367؛ مؤلف مجهول، 2010، ص429)، ڕووی کردە غەززە، ناردی بۆلای الملك الصالح نجم الدين ايوب(٦٣٥-648ك/ 1237-1250ز) لە میسر، بۆئەوەی لەخزمەتیدابێت، بەڵام پادشای میسر ڕەتی کردەوە(ابن واصل، 1957، ج5، ص296-297)، دوای ئەوەی هیوایەکی نەما لەلای پادشاکانی ئەیوبی ڕووی کردە فەرەنجیەکان لە عکا(ابو الفداء، د.ت، ج3، ص205)، وەختێك الملك الجواد گەیشتە لای خاچپەکان زۆر ڕێزیان لێگرت، لە هەمان کاتدا خاچیەکان هێرشیان کردە سەر موسوڵمانان لە گوندی (قلسوة)[25]ی سەر بەنابلس، هەزار کەسیان لە موسوڵمانان کوشت(الذهبی، 1993، ج47، ص103-104). سەرکردە و ئومەراکانی ئەیوبی وەك زۆرێك لە دەسەڵاتدارانی دیکە بەدوای بەرژەوەندیە کەسیەکانیانەوە بوون، بە بەڵگەی ئەوەی ئەم پەلاماردانەی خاچیەکان بۆ سەر موسوڵمانان نەبووە هۆی دەربڕینی ناڕازی بوونی.

هەروەها لە ڕۆژگاری کێشەی نێوان الملك صالح نجم الدين ايوب و الملك صالح اسماعيل(635-645ك/1237-1248ز)، الملك صالح اسماعيل هانای بۆ خاچیەکان برد لەدژی الملك صالح نجم الدين(المقريزي، 1997، ج1، 403-406؛ ابن تغری بردی، د.ت، ج6، ص322)، بەوهۆیەوە جارێکی دیکە خاچیەکان گەلێك ناوچەیان دەست کەوت، بەڵام چەند ساڵێکی کەم تێپەڕی ئەم دەستوەردانە بووە مایەی زیانگەلێکی(ابن واصل، 1957، ج5، ص332) سیاسی و سەربازی و ئابووری و تەنانەت ڕۆحانیش، بەهۆی سەرکەوتنی سوڵتانی میسر بەسەریاندا. لەلایەکی دیکە تێبینی ئەوە دەکەین کە دەسەڵاتدارانی دیمەشق لە کاتی پەیوەندی کردنی سوڵتانی میسر کەوتنە تانەدان و تاوانبارکردنی الملك الكامل، بەڵام چەند ساڵێك بەسەر ئەو ڕووداوهانەدا تێپەڕی کردبوو، کە خۆشیان هەمان هەنگاویان نا، لە کاتێکدا لە جاری یەکەم گەلێك لێکەوتەی خراپی لێکەوتەوە، کە کاریگەری گەوهەرەی لەسەر دەوڵەتی ئەیوبی هەبوو، بەلام ئەم ئەزموونە تاڵە سودی نەبوو، هەمان هەڵە ئەمجارە لەلایەن دەسەڵاتدارانی دیمەشق چەند بارە بوویەوە.

**ئەنجام**

1- بە دیڤچوون و ڕانانی ڕووداوەکان بۆمان دەرکەوت کەوا یەکێك لە ڕەهەندەکان ڕەهەندێکی مێژوویی هەیە و پەیوەستە بەو ململانێیەی لەنێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا لە دێرزەمانەوە هاتۆتە ئارا، لەو سۆنگەیەوە هەریەکەیان هەوڵی زاڵبوونی بەسەر ئەوی دیکەدا داوە، لەڕێگەی هەمەجۆرەوە.

2- ڕەهەندێکی دیکە پەیوەستە بە کڵێسا و پاپاوە، بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی دینی مەسیحیەت شێوازی جیاجیان بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بە شوێنە پیرۆزەکانیان، بەڵام لە کارنامەی ئەوەدا لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی بەریەککەوتن، ئەمەش بووە هۆکارێکی کاریگەر لە دەستوەردان لە کێشنە ناوخۆییەکانی دەوڵەتی ئەیوبی.

3- هاوسێتی خاچیەکان لەگەڵ موسوڵمانان کاریگەری هەبووە، لەسەر ئاوێتەبوون و بە ئاگابوونیان لە ڕەوشی خێروبێری خاکی موسوڵمانان لەلایەك، لەلایەکی دیکە ئەو سیستەمە ئابووریەی لە ئەورووپا هەبوو کێشەی بۆ شازادەکان و چینی گشتی دروست کردبوو، بۆیە ئەمە هۆکارێك بوو بۆ جێهێشتنی ڕۆژئاوا و گەیشتن بە ڕۆژهەلات، لەڕێگەی جەنگ و هاوپەیمانی.

4- ئاڵنگاریە ناوخۆییەکانی ئەوروپا بەتایبەت لەنێوان دەسەلاتی دینی و زەمینی، ڕۆڵێکی دیاری هەبوو لە دەستوەردانی دەسەلاتی سیاسی و سەربازی خاچی لە کێشە ناوخۆییەکانی دەوڵەتی ئەیوبیدا.

5- ململانێی ناوخۆی دەوڵەتی ئەیوبی و هانابردنی پادشاکانیان بۆ خاچیەکان بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانیان لە ڕەهەندە زۆر کاریگەرەکانە.

**لیستی سەرچاوەکان**


القران الكريم (سورة ال عمران).

**سەرچاوەی سەرەکی بەزمای عەرەبی**

**ابن الأثير، أبو الحسن علي بن أبي الكرم محمد بن محمد (ت ٦٣٠هـ)**

الكامل في التاريخ، تحقيق: عمر عبد السلام تدمري، الناشر: دار الكتاب العربي، بيروت، ١٤١٧هـ / ١٩٩٧.


(25) قلسوة يان قلنسوة: گوندێکە سەر بە نابلس (الذهبی، 1993، ج47، ص103-104).

**الادريسى، محمد بن محمد بن عبد الله (ت٥٦٠هـ/١١٦٤م):**
نزهة المشتاق في اختراق الآفاق، الناشر: عالم الكتب، بيروت، ١٤٠٩ هـ، ج1.
**الأصفهاني، عماد الدين أبو حامد محمد بن محمد (المتوفى ٥٩٧ هـ)**
-الفتح القسى فى الفتح القدسى، حواشي: ابراهيم شمس الدين، دار الكتاب العلمية، ط2، بيروت، 2012.
**بطروس، توديبود،** تاريخ الرحلة الى بيت المقدس، ترجمة: حسين محمد عطية، دار المعرفة الجامعية، ، الاسكندرية، 1999.
**ابن بطريق، سعيد (263هـ)**
تاريخ ابن البطريق، 1658، ج2.
**ابن تغرى بردى، جمال الدين أبى المحاسن يوسف الاتابكى (ت874هـ\1469م):**
النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، الناشر: وزارة الثقافة والإرشاد القومي، دار الكتب، مصر، د.ت.
**ابن حوقل،** صورة الأرض، الناشر: دار صادر، أفست ليدن، بيروت، ١٩٣٨.
**ابن خلدون، عبد الرحمن بن محمد بن محمد(ت ٨٠٨هـ)**
ديوان المبتدأ والخبر في تاريخ العرب والبربر ومن عاصرهم من ذوي الشأن الأكبر، المحقق: خليل شحادة، الناشر: دار الفكر، بيروت، ط2، ١٤٠٨ هـ - ١٩٨٨ م.
**الذهبى، شمس الدين أبو عبد الله محمد بن أحمد بن عثمان (ت ٧٤٨هـ)**
تاريخ الإسلام ووفيات المشاهير والأعلام، المحقق: عمر عبد السلام التدمري، الناشر: دار الكتاب العربي، ط2، بيروت، ١٩٩٣.
**سبط ابن الجوزى، شمس الدين أبو المظفر يوسف بن قزأوغلي بن عبد الله (٥٨١ - ٦٥٤ هـ)**
مرآة الزمان في تواريخ الأعيان، تحقيق وتعليق: محمد بركات، كامل محمد الخراط، عمار ريحاوي، محمد رضوان عرقسوسي، أنور طالب، فادي المغربي، رضوان مامو، محمد معتز كريم الدين، زاهر إسحاق، محمد أنس الخن، إبراهيم الزيبق، الناشر: دار الرسالة العالمية، دمشق، ١٤٣٤ هـ - ٢٠١٣ م.
**ابو شامة، أبو القاسم شهاب الدين عبد الرحمن بن إسماعيل بن إبراهيم (ت ٦٦٥ هـ)**
الروضتين في أخبار الدولتين النورية والصلاحية، المحقق: إبراهيم الزيبق، الناشر: مؤسسة الرسالة، بيروت، ١٤١٨ هـ/ ١٩٩٧ م.
**ابن شداد، بهاء الدين يوسف بن رافع بن تميم بن عتبة الأسدي (ت ٦٣٢هـ)**
النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية (سيرة صلاح الدين الأيوبي)، تحقيق: الدكتور جمال الدين الشيال، الناشر: مكتبة الخانجي، ط2، القاهرة، ١٤١٥ هـ - ١٩٩٤ م.
**الصورى، وليم**، الحروب الصليبية، ترجمة: حسن حبشى، الهيئة المصرية العامة للكتب، القاهرة، 1991.
**ابن العبرى، ابو الفرج غريغوريوس ابن أهرون (أو هارون) بن توما الملطي (ت ٦٨٥هـ)**
تاريخ الزمان، ترجمة: اسحق ارملة، دار المشرق، (بيروت:١٩٩١).
**ابن العديم، عمر بن أحمد بن هبة الله بن أبي جرادة العقيلي (ت ٦٦٠هـ)**
زبدة الحلب في تاريخ حلب، وضع حواشيه: خليل المنصور، الناشر: دار الكتب العلمية، بيروت – لبنان، ١٤١٧ هـ - ١٩٩٦ م.
**ابن العميد،** الاخبار الايوبيين، مكتبة الثقافة الدينية، د.ت، د.م.
**ابن الفرات، ناصر الدين محمد بن عبد الرحيم (ت807هـ)**
تاريخ ابن الفرات ، مجلد الرابع الجزء الثانى، تحقيق: حسن محمد الشماع، دار الطباعة الحديثة، البصرة، 1969.
**أبو الفداء، عماد الدين إسماعيل بن علي (ت ٧٣٢هـ)**
المختصر في أخبار البشر، الناشر: المطبعة الحسينية المصرية، دون مكان، دون سنة.
**الشاترى، فوشيه (ت1127م)،** تاريخ الحملة الى القدس *(1095-1127م)*، ترجمة: زياد العسلى، دار الشروق، بيروت، 1990.
**القزويني، زكريا بن محمد بن محمود (ت ٦٨٢هـ)**
آثار البلاد وأخبار العباد، الناشر: دار صادر، بيروت، د.ت.
**ابن القلانسى، حمزة بن أسد بن علي بن محمد (ت : ٥٥٥هـ)**
تاريخ دمشق لابن القلانسي، المحقق : د سهيل زكار، الناشر : دار حسان للطباعة والنشر ، لصاحبها عبد الهادي حرصوني – دمشق، ١٤٠٣ هـ - ١٩٨٣ م.
**المسعودى، أبو الحسن على بن الحسين بن على (ت ٣٤٦هـ)**
التنبيه والإشراف، تصحيح: عبد الله إسماعيل الصاوي، الناشر: دار الصاوي، القاهرة، د.ت.
**المقريزى، أحمد بن علي بن عبد القادر (ت ٨٤٥هـ)**
-اتعاظ الحنفاء بأخبار الأئمة الفاطميين الخلفاء، حققه د محمد حلمي محمد أحمد، أستاذ التاريخ الإسلامي - كلية دار العلوم، جامعة القاهرة، دون مكان، دون تاريخ.
-المواعظ والاعتبار بذكر الخطط والآثار، الناشر: دار الكتب العلمية، بيروت، الطبعة: الأولى، ١٤١٨ هـ
- السلوك لمعرفة دول الملوك، الناشر: دار الكتب العلمية، بيروت، 1997.
**المؤلف مجهول (توفي: بعد ٣٧٢هـ)**
حدود العالم من المشرق إلى المغرب، محقق ومترجم الكتاب (عن الفارسية) : السيد يوسف الهادي
الناشر: الدار الثقافية للنشر، القاهرة، ١٤٢٣ هـ

**مؤلف مجهول(توفى بعد٦٥٥هـ/١٢٥٧م):**

_تاريخ الدولة الاكراد والاتراك تاريخ دولة الاكراد، دراسة وتحقيق: دكتور موسى مصطفى الهسنياني، مطبعة جامعة دهوك-من منشورات جامعة دهوك، (دهوك: ٢٠١٠م).

**مجهول،** حدود العالم من المشرق إلى المغرب، محقق ومترجم الكتاب (عن الفارسية) : السيد يوسف الهادي، الناشر: الدار الثقافية للنشر، القاهرة، ١٤٢٣.

**كرد علي، محمد بن عبد الرزاق،** خطط الشام، الناشر: مكتبة النوري، ط3، دمشق، ١٩٨٣.

**ابن واصل: جمال الدين محمد بن سالم(ت 697هـ/1197م):**

_مفرج الكروب في اخبار بني ايوب ، تحقيق: جمال الدين الشيال، جامعة فؤاد الاول،( 1953 )ج١،ج٢،ج٣. _(ج٤،ج٥ )تحقيق: حنين محمد ربيع_ سعيد عبد الفتاح عاشور، دار الكتب واوثائق القومية_ المطبعة الاميرية القاهرة-جمهورية مصر_ العربية)، (القاهرة: 1957 )؛ (ج٦) تحقيق: عمر عبد السلام تدمرى، المكتبة العصرية، (بيروت:٢٠٠٤م).

**الواقدي، محمد بن عمر بن واقد السهمي الأسلمي بالولاء، المدني(ت ٢٠٧هـ)**

فتوح الشام، الناشر: دار الكتب العلمية، دون مكان، 1997.

**ياقوت الحموى، شهاب الدين أبو عبد الله (ت ٦٢٦هـ)**

معجم البلدان، الناشر: دار صادر، بيروت، ط2، ١٩٩٥.

**اليعقوبي،** البلدان، الناشر: دار الكتب العلمية، بيروت، ١٤٢٢ هـ ،

**سەرچاوەی سەرەکی بەزمانی کوردی**

**هیرۆدۆت**، مێژووی جەنگی پارسەکان، وەرگێڕانی لە یۆنانیەوە: عەلی فەتحی، چاپخانەی موکریان، هەولێر، 2013، بەرگی دووەم.

**ژێدەر بە زمانی عەرەبی**

**حافظ، احمد حمدى،** الدولة الخوارزمية والمغول، دار الفكر العربى، القاهرة، 1949.

**حبشى، حسن،** الحرب الصليبية الاولى، دار الفكر العربى، مصر، 1947.

**الخطيب، ابراهيم ياسين،** القدس بين أطماع الصليبيين وتفريط الملك الكامل الايوبى، دار المناهج، الاردن، 2001.

**دخيل، محمد حسن،** الدولة الفاطمية، مؤسسة الانتشار العربى، بيروت، 2009.

**رمضان، عبد العظيم،** الصراع بين العرب و اوروبا، دار المعارف، القاهرة، 1983.

**زيادة، محمد مصطفى،** حملة لويس التاسع على مصر وهزيمته فى المنصورة، المجلس الاعلى لرعاية الفنون والادب والعلوم الاجتماعية، مصر، 1961.

**عاشور، سعيد عبدالفتاح:**

- الحركة الصليبية، مكتبة الانجلو المصرية، ط2، القاهرة، 1971، ج1.
- تاريخ العلاقات بين الشرق والغرب فى العصور الوسطى، دار النهضة العربية، ط2، بيروت، 2003.
- اوربا العصور الوسطى، مكتبة النضهة المصرية، القاهرة، 1959، ج2.

**العدوى، ابراهيم احمد،** الامويون والبيزنطيون، مكتبة الانجلوا المصرية، القاهرة، 1953.

**عوض، محمد مؤنس،** الحروب الصليبية(العلاقات بين الشرق والغرب فى القرنين 6-7هـ/12-13م)، عين للدراات والبحوث الانسانية والاجتماعية، د.م، 2000.

**قاسم، ابراهيم بشار،** تاريخ مملكة حماة الايوبية، مطبعة بيرەميرد (مؤسسة الثقافى جمال عيرفان)، كردستان، د.ت.

**قاسم، عبده قاسم،** الخلفية الايديولوجية للحروب الصليبية، دراسة عن الحملة الاولى (1095-1099م)، عين للدراسات والبحوث الانسانية والاجتماعية، 199.

**ماجد، عبد المنعم،** الدولة الايوبية فى تاريخ مصر الاسلامية التاريخ السياسى (567-648هـ/1171-1250م)، دار الفكر العربى، القاهرة، 1997.

**المصري، أبو القاسم،** فتوح مصر والمغرب، الناشر: مكتبة الثقافة الدينية، ١٤١٥ هـ

**المطوى، محمد العروس،** الحروب الصليبية فى الشرق والغرب، دار الغرب الاسلامى، 1982.

**سەرچاوەی بیانی بە زمانی عەرەبی**

**ارنولد، سير توماس،** الدعوة الى الاسلام، ترجمة حسن ابراهيم حسن و عبد المجيد عابدين و اسماعيل النجراوى، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، 1971.

باركر، ارنست، الحروب الصليبية، ترجمة: السيد الباز العرينى، دار النهضة العربية، ط2، بيروت، 1967.

**بروار، يوشع:**

-عالم الصليبيين، ترجمة وتعليق وتقدم: قاسم عبده قاسم و محمد خليفة حسن، الناشر: عين للدراسات والبحوثالانسانية والاجتماعية، الهرم، 1999.

- الاستيطان الصليبى فى فلسطين، ترجمة: عبد الحافظ البنا، عين للدراسات والبحوث الانسانية الاجتماعية، دون مكان، 2001.

**البير شاندور،** صلاح الدين الايوبى، ترجمة الفرنسية: سعيد ابو الحسن، طلاس للدراسات والترجمة والنشر، ط2، دمشق، 1993.

**جوانفيل**، القديس لويس، ترجمة: حسن حبشى، دار المعارف، مصر، 1968.

**رنسيمان، ستيفن،** تاريخ الحروب الصليبية ( من كليرمونت الى اورشليم، ترجمة: نور الدين خليل، مكتبة المهتدين، ط2، الاسكندرية، 1998، ج1، ج2، 1996، ج3 1997.

**كاهن، كلود**، الشرق والغرب زمن الحروب الصليبية، ترجمة: احمد الشخ، للنشر: سينا، القاهرة، 1995.

**ح. هايد،** تاريخ التجارة فى الشرق الادنى فى العصور الوسطى، ترجمة: احمد رضا محمد رضا، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، 1985، ج1.

**هلستر،** اوروبا فى العصور الوسطى، ترجمة: محمد فتحى الشاعر، مكتبة الانجلو المصرية، مصر، 1988.

**يوسف، جوزيف نسيم،** تاريخ العصور الوسطى الاوروبية وحضارتها، مؤسسة الشباب الجامعية، اسكندرية، 1984.

**ماستەرنامەکان**

**الغامدى، عبدالله سعيد محمد،** استرداد بيت المقدس فى عصر صلاح الدين، رسالة الماجستير، مقدم جامعة ام القرى-كلية الشريعه والدراسات الاسلامية-قسم الدراسات العليا التاريخية، 1402هـ

**الطشانى، محمد عبد الرحيم،** العلاقات الاقتصادية بين المسلمين والصليبيين فى بلاد الشام (490-690هـ/1096-1291م)، رسالة ماجستير غير منشور، مقدمه الى مجلس كلية الاداب/ جامعة بنغازى، 2012.

**سەرچاوە ڕۆژئاواییەکان**

**Cross, F. L. (Frank Leslie),** 1900-1968, ed, The Oxford dictionary of the Christian Church, Publisher: London, New York, Oxford University Press, 1966.

**Duncalf, Frederic,** the first crusade Clermont to Constantinople, in Kenneth M. Setton: A history of the crusades, the university of Wisconsin press Madison, Milwaukee, and London, 1969, vol 1.

**Eyre, Edward :** European Civilization, V3, Its Origin and Development: The Middle Ages Paperback – July 20, 2013.

**Frederick II, Holy Roman Emperor, 1194-1250,** The art of falconry : being the de arte venandi cum avibus of Frederick II of Hohenstaufen, Translated and Sdited by: CASEY A. WOOD, F. MARJORIE FYFE, Geoffrey Cumberlege Oxford University Press, London, 1943.

**kantorowicz**, **Ernst,** Frederick the second(1194-1250), printed in the united states of America, republished, new York,1957.

**Leziroli**, **Giuseppe,** Relazioni fra Chiesa Cattolica e Potere Politico, G. Giappichelli Editore, Torino 1992.

**Iorga, Nicolas;** histoire des croisades, librairie universitaire j. gamber, paris, 1924.

**Ostrogorsky, George:** History of the Byzantine State, translated by Joan Hussey, Basile Blackwell, second edition Oxford, 1968.

**Painter, Sidney**:

- Richares the Lionhearted and Philip Augustns From the book A History of the Crusades, Volume 2,1962.

**-** Western Europe on the crusade, in Kenneth M. Setton: A history of the crusades, the university of Wisconsin press Madison, Milwaukee, and London, 1969, vol 1.

**Philippe, Levillain, ed.** The Papacy: An Encyclopedia, New York: Routledge, 2002.

**Potthast, Augustus:** Regesta pontifieum Romanorum, publisher: Rudolf de decker, 1874, I.

**Riant, Comte:** Archives de lorient Lativ, publiees sous le patronage, paris, 1881, Volume 1.

**- Setton, Kenneth M,** A history of the crusades, the university of Wisconsin press Madison, Milwaukee, and London, 1969.vol 1; vol2.

**- Stevenson, M.A,** The crusaders in the East, Cambridge at university press, 1907.

**Thomas, C. Van Cleve:** the crusade of Frederick 2, Kenneth M. Setton: A history of the crusades(1189-1311), the university of Wisconsin press Madison, Milwaukee, and London, 1969 , vol 2.

**Thompson, James Westfall,**

**-** An Economic And Social History Of The Middle Ages(300-1300), digitallibraryindia; JaiGyan, London, 1928.

- Economic and Social History of the middle ages(300-1300), Printed in the United States of America Library of Congress Catalog Card No. 59-10886, London, 1959, vol 1.

**Jackson, peter,** The seventh crusade 1244-1254(sources and documents), translated, publishing limited, england-usa, 2009.

**jaffÉ, philipp,** Regesta pontificum romanorum ab condita ecclesia ad annum post Christum natum 1198, ed. s. lÖwenfeld (repr. Graz 1956) 2.

**Jean, Sire de joinville**: Histoire de saint houisi credo, et Lettre aLouis X, publisher: paris(librairie de firmin didot freres, fils et cie), 1874.

**Johnson, Edgar N,** "The Crusade of Frederick Barbarossa and Henry VI,( in Kenneth M. Setton: A history of the crusades(1189-1311), the university of Wisconsin press Madison, Milwaukee, and London, 1969 , vol 2.

**Vasiliev, Alexander A.** : History of the Byzantine Empire, 324-1453, prentd in the united states of america by the Vail -Ballou Press, madison, vol 1, 1952; Volume 2, 1958.

**گۆڤار بەزمانی ئینگلیزی**

**Munro, Dana Carleton,** The Speech of Pope Urban II. At Clermont, 1095, Publisher: The American Historical Review(Collection: jstor_amerhistrevi; jstor_ejc; additional_collections; journals JSTOR), volume11, 1906.

**أسباب تدخل الصليبيين في النزاعات الداخلية للدولة الأيوبية**

**قادر محمد حسن**
قسم التاريخ/ كلية الاداب/ الجامعة صلاح الدين
qader.hassan@su.edu.krd

**حسين عبدالرحمن حسين**
قسم التاريخ /كلية العلوم الانسانية| الجامعة ڕاپەڕین
ئیمێل:hussein@uor.edu.krd

**ملخص**

بحثنا بعنوان (أسباب تدخل الصليبيين في النزاعات الداخلية للدولة الأيوبية)
تحليل تحليلي وتاريخي لأبعاد تدخل الصليبيين في الصراع الداخلي للدولة الأيوبية ، والذي استمر بعد وفاة الملك العادل الأول (589-615 هـ / 1193-1218 م) حتى نهاية تستمر. حالة. في هذا الصدد، قمنا بتقسيم الأسباب إلى خمسة محاور رئيسية، والتي تتكون من الأبعاد (السياسية والدينية والجغرافية والاقتصادية، والصراع الداخلي للصليبيين ، والصراع الداخلي للملوك الأيوبيين).

**الكلمات الاساسية** (صليبيون - أيوبيون - سلطان صلاح الدين - شرق)

**The reasons for the Crusaders' interference in the internal conflicts of the Ayyubid state**

**Qader Mohamad Hassan**
Department of History, College of Arts, Salahuddin University-Erbil
qader.hassan@su.edu.krd

**Hussein Abdalrahman Hussein**
Department of History, College of Humanities| University of Raperin
hussein@uor.edu.krd

**Abstract**

Our research entitled (Reasons for the Crusaders Intervention in the Internal Conflicts of the Ayyubid State) An analytical and historical analysis of the dimensions of the crusaders’ intervention in the internal conflict of the Ayyubid state, which continued after the death of King Al-Adil I (589-615 AH / 1193-1218 AD) until the end of the conflict. condition. In this regard, we have divided the reasons into five main axes, which consist of dimensions (political, religious, geographical, economic, the internal struggle of the Crusaders, and the internal conflict of the Ayyubid kings).

**Keywords:** Crusaders-Ayubis-Sultan Saladin-East.